دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٦٧

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

یەك شەممە ● ١٤ی گەلاوێژی ١٣٨٦ ● ٥ی ئووتی ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## پیرۆزبایی لە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

زۆر بەڕێز مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان!

سڵاوی برایەتی‌و هاوخەباتی،

بەبۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبە تێکۆشەرەکەتانەوە بە ناوی خۆمان‌و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی لە ئێوەو لە ڕێگای ئێوەشەوە لە تێکڕای خەباتگێرانی حیزبە براکەتان دەکەین. حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان جێگایەکی شیاوی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی باشووری کوردستان دا هەیەو هەڵوێستە نەتەوەیی‌یەکانی بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان مایەی سەربەرزی‌و شانازین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان شانازی بە پێوەندیی برایانەو لە مێژینەی لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکاو لەم بۆنە پیرۆزەش دا جارێکی دیکە پێ لەسەر وەفاداری‌و پابەندی بە درێژەو پەرەپێدانی ئەو پێوەندی‌یە خەباتگێڕانەیە دادەگرێتەوە. جارێکی دیکە پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرە لە هەموو تێکۆشەرانی حیزب دەکەین‌و بە تایبەت پیرۆزبایی بەو هەڤاڵانە دەڵێین کە متمانەی کۆنگرەیان بەدەست هێناوەو بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێراون.

بە حورمەتی دووبارەوە

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

# دەنگ‌و ڕەنگێکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی گەلاوێژدا، کوردکاناڵ، تازەترین کاناڵی فەزایی کوردی پەخشی ئەزموونیی خۆی دەست پێکرد. ئەم کاناڵە نوێیە بە هاتنی بۆ نێو ریزی تی‌ڤی‌یە کوردییەکان‌و میدیای کوردی، شەپۆلێك لە خۆشی‌و شادمانیی بە تایبەتی لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا وەڕێ خست.

شایانی باسە ئەم کاناڵە نوێیە، بە ناوی "Kurd.tv" دەست بەکار بوو بەڵام دوای ئەوەی دەرکەوت ئەم ناوە لەلایەن لایەنێکی دۆستەوە گیراوەتەوە، لەژێر ناوی "Kurd channel" درێژە بە پەخشی ئەزموونی دەدا.

"کوردستان" بە بۆنەی لەدایکبوونی "کورد کاناڵ" بە گەرمی پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەران‌و ئۆگرانی‌و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاو سەرکەوتنی بە ئاوات دەخوازێ.




### ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

## لە بارەی کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆشحاڵە کە ڕابگەیەنێ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداریی هەیئەتی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی، کاتژمێر ٩ی بەیانیی ڕۆژی ٩ی گەلاوێژی ١٣٨٦(٣١ی جولای ٢٠٠٧) دەستی پێ کردو پاش ٣ جەلەسە باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕا، کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

کۆبوونەوە بە سڵاوو ڕێزنان لە وشیاریی نەتەوەیی‌و هەڵوێستی بوێرانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵو حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی چەند حەوتووی ڕابردوودا جارێکی دیکە خۆی نیشان دایەوە، دەستی پێ کرد. دوای باسێك لە بارەی ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پوختەی کارو تێکۆشانی حیزب لە دوای پلینۆمی ڕابردووەوە، کۆبوونەوە چووە سەر دەستووری کاری لە پێشدا ڕاگەیەندراوی خۆی.

لە یەکەم برگەی کاری خۆی‌دا، کۆبوونەوە، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە بۆ دەفتەری سیاسیی لە بارەی چۆنیەتی پێکهێنانی کۆنگرەو هەڵبژاردنی نوێنەرانەوە خستە بەر باس. ئەم ڕاپۆرتە بە دوای بەشداریی چالاکانەی ئامادەبووان لە هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی‌داو، پاش گونجاندنی سەرنج و تێبینی‌و پێشنیارە پۆزیتیڤ و بە کەڵکەکان، پەسند کرا.

" باس لە چەندو چۆنی ڕێبەرایەتیی داهاتووی حیزب" یەکێکی دیکە لەو کارانە بوو کە لەم کۆبوونەوەیەدا قسەی لە سەر کرا. لەم پێوەندییەدا کۆبوونەوە بۆ ئامادە کردنی گەڵاڵەی قەوارەی ڕێبەریی داهاتوو هەیئەتێکی ڕاسپارد تا لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێ.

کۆبوونەوەی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی‌و هەیئەتی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی لە درێژەی کارەکانی‌دا، بە نیازی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی پڕ دەسکەوت و سەرکەوتوو و، بۆ هەرچی باشتر جێبەجێکردنی ئەو مەبەستانەی لە "هێڵە گشتی‌یەکانی ڕێبازی ئێمە"دا هاتوون، دوو هەیئەتی تایبەتی بۆ گەڵاڵەو ئامادە کردنی بڕیارنامە سیاسی‌یەکان و بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە ریفۆرم و نوێبوونەوە لە حیزب دا، دیاری کردو راشی سپاردن هەتا کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمیتەی ناوەندی ئەرکە دیاریکراوەکانیان جێبەجێ بکەن.

کۆبوونەوە، پاش گوێ ڕاگرتن لە ڕاپۆرتێك لە بارەی ڕەوتی کارەکانی کۆمیتەی نووسینەوەی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب و تەوسیەی پێویست لەم بارەیەوە، ڕەزامەندیی خۆی لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی تێکۆشانی حیزب بە گشتی‌و، بە تایبەتی کاروباری پێوەندیدار بە کۆنگرەی داهاتوو دەربڕی‌و لە نێو گەشبینی‌و هیواداریی بەشداران بە داهاتووی حیزب و خەباتی نەتەوەکەمان دا، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**٩ی گەلاوێژی ١٣٨٦ ـ ٣١ی جولای ٢٠٠٧**

## ئەمریکاو بریتانیا بە دوای گەمارۆی قورسترەوەن دژی ئێران

ڕادیۆ فەردا: گۆردۆن براون سەرۆك وەزیری بریتانیاو جۆرج بۆش سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە چاوپێکەوتنی خۆیان دا لە "کەمپ دەیڤید" جەختیان لەسەر پێویستی گەمارۆی قورستر لەسەر ئێران کردەوە.

گۆردۆن براون لە یەکەمین کۆنفرانسی ڕۆژنامەگەریی خۆیدا دەگەڵ بوش قسەی دەکرد، گوتی: ئەمریکاو بریتانیا هاوڕان کە گەمارۆکانی ئێران کاریگەر بوون.



سەرۆك وەزیرانی بریتانیا هەروەها گوتی: ئێمە بۆ قۆناخی دوایی کە قورستر کرانی گەمارۆکانە دژی ئێران، ئامادەین. کۆماری ئیسلامی تا ئێستا ملی بۆ بڕیارەکانی ١٧٣٧و ١٧٤٧ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕانەکێشاوە کە داوا لە ئێران دەکا بەشی "پرسیار خولقێنی" چالاکییە ناوکییەکانی ڕاگرێ.

هەر لەو بوارەدا هێندێك دیپلۆماتی ڕۆژئاوایی دەڵێن، کە تێکۆشان بۆ پەسند کردن‌و بەڕێوەبردنی گەمارۆی قورستر دژی ئێران خراوەتە مانگی سێپتامبر، تا ئاکامی ئاڵ‌کاری ئەو دواییانەی ئێران‌و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوەکی بۆ سڕینەوەی "لێڵی لە کێشە چارەسەر نەکراوەکان دا" هەڵسەنگێنن.

## مانگرتنی خوێندکاران بە پشتیوانیی لە عەدنان‌و هیوا

خۆرهەڵات نیوز: چالاکیی مانگرتن لە خواردن لەلایەن خوێندکارانی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستانەوە، بۆ پشتیوانی کردن لە عەدنان حەسەنپوورو هیوا بوتیمار بەردەوامە.

ژمارەیەك خوێندکارو چالاکی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان، کە لە چەند گروپی جیادا لە بەشی ناوخۆیی (خوابگاە) خۆیان مانیان لە خواردن گرتبوو، ئێوارەی ڕۆژی شەممە لەسەر ئیزنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەبەر دەرگای ئەو سەندیکایە لە هەولێر خێوەتیان هەڵداو ئەمڕۆ یەکشەمە ١٤ی گەلاوێژیش مانگرتنەکەیان بەردەوام بوو. ڕاگەیەندرا ڕۆژی دووشەمە، لە سێهەم ڕۆژی مانگرتنەکەدا نوێنەرانی ئەو خوێندکارانە لە پرێس کۆنفرانسێك دابەشداری دەکەن‌و وڵامی ڕاگەیەندنە گشتییەکان دەدەنەوە.



## ناڕەزایەتی دەبڕین لەدژی بڕیاری لەسێدارەدرانی ڕۆژنامەنووسانی کورد



سنە: ڕۆژی هەینی ٢٩ی پووشپەڕ لە سەر داوای ژمارەیەك لە چالاکانی مەدەنی‌و مافی مرۆڤ ، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سنە بە شێوەیەکی هێمنانە ڕوویان کردە چیای ئاویەر. ئامانج لەو کارە بریتی بوو لە ناڕەزایەتی نیشاندان بە حوکمی ئیعدامی داسەپاو بەسەر عەدنان حەسەن‌پوورو هیوا بوتیمارو هەروەها دەستبەسەر کرانی ڕۆژنامەنووسان ئیجلال قەوامی، سەدیق کەبوودوەندو مەحموود ساڵحی.

مەریوان: ڕێکەوتی ١/ ٥/ ٨٦ خەڵکی شاری مەریوان لە سەر داوای چالاکانی مەدەنی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی بڕیاری لە سێدارەدرانی ڕۆژنامەوانانی کورد عەدنان حەسەن پوور، هیوا بوتیمارو زیندانی کرانی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، دوکان‌و بازاڕی شاریان داخست.



مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە لە وتووێژ لەگەڵ ڕادیۆی دەنگی کوردستان دا ٢


ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پارڵمانی تورکیەو چەند قسەیەك ٥


پرسی ڕیفۆرم لە وتووێژ لەگەڵ ئەحمەد عەزیزی‌دا ٨


ڕاپۆرتی شیکراوەی لێبووردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە... ٩


دەسەڵات‌و پرۆسەی چاکسازی ١٠


جیاوازیی نێوان ژنانی نەریتی و ژنانی مۆدێرن ١١

### مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وتووێژ لەگەڵ رادیۆی دەنگی کوردستان دا:

# نەباسی ئەوەم کردوە کە وتووێژمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیەو نە باسی ئەوەم کردوە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکەین

**❒ بەرێز مامۆستا! ماوەیەك لەوە پێش نووسەری لاوی کورد کاك عێرفانی قانعی فەرد چاوپێکەوتنێکی دەگەڵ جەنابتان پێك هێناوە، سەبارەت بە هێندێك مەسەلەی مێژوویی‌و سیاسی. بەرێز قانعی فەرد چەند رۆژ لەوە پێش نووسینێکی سەبارەت بەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەرێزتان بڵاو کردۆتەوە کە باسی لە هێندێك مەسەلە کردوە کە هێندێك جەنجاڵی لە نێو ماڵپەڕە کوردی‌یەکان دا پێك هێناوە. باسەکە زیاتر ئەوەیە کە دەبێ بەرێزتان باستان لە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کردبێ. تکایە ئەگەر دەکرێ لەو پێوەندییەدا رای خۆتان دەربڕن.**

❒ سڵاو لە ئێوەو لە رێگای ئێوەشەوە سڵاو لە گوێگرانی رادیۆی دەنگی کوردستان، پێش هەموو شتێك دەبێ بڵێم کە وتووێژی من دەگەڵ کاك عێرفان قانعی فەرد تا ئێستا ئەوەندەی من ئاگام لێیە بڵاو نەبۆتەوە، ئەوەی کە بڵاو بۆتەوە وتارێکە یا بڵێین پێشەکی‌یەکە کە بۆ بڵاو کردنەوەی ئەو وتووێژەی من کە نزیك بە هەفتەیەك لەوە پێش کاك عێرفان بڵاوی کردۆتەوە. ئەوە هێندێك هەر وەك باستان کرد جارو جەنجاڵی تەبلیغاتی یا سیاسیی لێ ساز بوو. زۆر کەس بە تەلەفوون لە مێدیاکانەوە قسەیان دەگەڵ من کردو پرسیاریان لێ کردم. جوابی من تەنیا ئەوەندە بوو کە ئەو وتووێژە بڵاو نەبۆتەوە، هەتاکوو وتووێژەکە بڵاو نەبێتەوەو نەی بینم قسەیەکم بۆ کردن نیە، وەختێکی بڵاو بۆوە، ئەو وەختی قسەی خۆمی لەسەر دەکەم.

بەڵام بەداخەوە (رەنگە ئەوە گلەیی‌یەکیش بێ لە میدیای کوردی)، بێ ئەوەی ئەمن بڵێم شتێکم هەیە یان دەگەڵ ئەوەی کە من تەئید دەکەم قسەیەکم بۆ گوتن نیە ئەو شتانەی کە دەڵێی مەیان لێن بڵاویان دەکەنەوە. لە ئاکامدا وا دیار بوو کە فشارێك هاتبووە سەر ئەو دۆستە، کاك عێرفانی قانعی فەرد، پەیامێکی بە ئیمەیل ناردبوو کە من خراپەیەکم نەکردوە، کەچی ئەتۆ وەدرۆت خستوومەتەوە. حەتا نووسیبووی کە ئەمن تووشی کێشە بووم نامهەوێ کەلیمەکە بەتەواوی بڵێم، ئەمنیش، ئیمەیلێکم بۆ کرد. تەنیا شتێکی کە من تا ئەمرۆ گوتوومەو نووسیومە ئەو ئیمەیلەیە کە پێم خۆشە دەقاودەق بی‌خوێنمەوە. پاش سڵاو نووسیومە کە "من لە هیچ جێیەك جەنابتم وەدرۆ نەخستۆتەوە چەند کەس تەلەفوونیان بۆ کردووم جوابم ئەوە بووە کە چونکە وتووێژەکەم نەدیوە هیچ قسەیەکم نیە، ئەگەر دیتم‌و خوێندمەوە ئەودەم قسەی لەسەر دەکەم ئەوەی بۆ خۆشت بۆت ناردووم‌و وتووێژەکە نیە تەنیا قسەی خۆت یا ریپۆرتاژێك لەسەر دیدارەکەیە". بەڵام وادیارە کاك عیرفان کە بۆ خۆی کەوتۆتە ژێر فشارێك لەتەرەف خوێنەرانی ئەو وتارەوە بۆ ئەوەی لە ژێر ئەو فشارە نەجاتی بێ پەیامەکەی منی کردۆتە فارسی‌و کەمێکیش ئازادی کردوە بە فارسی لە رۆژنامەکان‌و سایتەکاندا بڵاوی کردۆتەوە. دەنا ئەمن هیچ شتێکم نەداوە بە سایتان هیچ شتێکم نەداوە بە رۆژنامەکان‌و ئەمە یەکەم جارە کە دەمهەوێ بەرەسمی لەسەر ئەوە قسە بکەم‌و جوابی پرسیارێك بدەمەوە.

لەسەر ئەوەی کە من لەگەڵ کاك عیرفانی قانعی فەرد باسی وتووێژم کردوە یان نەم کردوە ئەوەندە دەڵێم کە ئەمن لەو وتووێژەدا نە باسی ئەوەم کردوە کە وتووێژمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە نە باسی ئەوەم کردوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژ دەکەین بەڵام وەکوو پرەنسیپ، وەکوو ئوسوول هێندێك شتم باس کردوە کە ئێستێش باسیان دەکەم. باسەکە ئەوەیە کە ئێمە لە سەرەتای هەڵگیرسانی بزووتنەوەی چەکدارانەی قۆناغی ئەخیرمانەوە کە لە ساڵی ١٣٥٨وە دەستی پێ دەکا هەتا ئێستا هەمیشە نەزەرمان وابووە (وەکوو حیزبی دێموکرات) کە مەسەلەی کوردستان رێگە چارەی نیزامیی نیەو شێوەی خەباتی چەکدارانە بۆ حیزبی دێموکرات‌و میللەتی کورد شێوەیەکی دڵخواز نیە بەڵکوو شێوەیەکە رێژیمەکان بەسەر بزووتنەوەی کوردی دا دەسەپێنن. گوتوومەو ئێستاش دەڵێمەوە کە ئێمە پێمان وایە وەکوو باوەڕ وەکوو پرەنسیپ کە رێگا چارەی ئاشتی‌خوازانە تەنیا رێگای چارەسەری مەسەلەی کوردە. بە رێگای نیزامی دا، نە دەوڵەت دەتوانێ کوردەکان وا لێ بکا واز لە داخوازەکانیان بێنن، نە میللەتی کوردیش دەتوانێ مافەکانی لە دەوڵەت بستێنێ، یا خاکەکەی لە بەشێك لە کوردستان لە دەوڵەتەکەی بستێنێتەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی تێدا دامەزرێنێ. کەوابێ رێگای سەحیح بۆ چارەی ئەو مەسەلەیە رێگاچارەی وتووێژە بەو شەرتەی ئەو وتووێژە، وتووێژێکی ئوسووڵی بێ، لەو بارەیەشەوە ئەمن زۆر بە درێژی وارید بووم کە گوتوومە هەر وەکوو لەپێش دا گوتراوە شتی تازە نیە، هەموو قسەکانم رەنگە لەوێدا نەگوتبن، لێرەدا قسەکانی خۆم دەکەم، پێمان وابووە کە وتووێژ دەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی یا هەر دەوڵەتێك کە لەسەر کار بێ لە ئێرانی دا شتێکی رەوایەو بەشێکە لە خەبات بەو شەرتەی ئەو وتووێژە لە سەر داخوازەکانی میللەتی کورد بێ، ئەم وتووێژە عەلەنی بێ، ئاشکرا بێ، هیچ شتێك لە خەڵکی کوردستان نەشارینەوە، ئەو وتووێژە بە بەشداریی لایەنی سێیەم بێ. گوتوومانە کە ئێمە نە لە تارانێ وتووێژ دەکەین نە لە کوردستان وتووێژ دەکەین، چونکی باوەڕمان بە کۆماری ئیسلامی نیەو تەجرەبەی تاڵمان لە سەری هەیە، دەمان هەوێ لە وڵاتێکی بێگانە کە هەردووك لامان لە سەری رێك دەکەوین بە ئاگاداری دەوڵەتی ئەو وڵاتەو بە پارێزگاریی پۆلیسی ئەو وڵاتە وتووێژ بکەین.

حەتا وەختی خۆی گوتوومانە کە ئێمە داوا دەکەین وتووێژێکی کە دەی کەین هەمووی بە کاسێت‌و بە ویدیۆ تۆمار بکرێ هەر دووك لامان نوسخەمان هەبێ یانی تەواوی ئەو شتانەمان باس کردوە. ئیدی ئەوە کە ئێمە ئێستا وتووێژمان هەیە یا ئێمە وەك حیزبی دێموکرات وتووێژ دەکەین باسی شتی ئاوام نەکردوەو عەکسی ئەوە، هەموو وەختێك باوەڕم وایە کە ئێمە بۆ خۆمان بە تەنیا وەك حیزبی دێموکرات دروست نیە واریدی موزاکیرە لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بین چونکی ئێمە تەنیا هێزی سەر سەحنەی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێرانێ دا نیین. هێزی دیکەی سیاسی هەن‌و دەبێ هەموویان بە سەر یەکەوە بن.

ئەمن پێم خۆشە لێرەدا بۆ یەکەم جار نەهێنییەکی بدرکێنم کە چونکی شتەکە جیددی نەبوو لەگەڵ هیچ کەسم تا ئێستا نەهێناوەتە گۆرێ بەڵام نزیك بە پێنج مانگ پێش ئێستا کەمێك زیاتر یان کەمترە. هیچ موهیم نیە ـ دۆستێك هاتبوو بە پەیامێکەوە لە تەرەف وەزارەتێکی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ( ئێمە هەموو وەختێکیش گوتوومانە وتووێژ لەگەڵ کوللی کۆماری ئیسلامی دەکەین نەك لەگەڵ وەزارەتێکی لە گەڵ شەخسیەتێکی لەگەڵ ئیدارەیەکی). ئەوە کە جاری دیکەش هاتبوو پەیامێکی ئاوای پێ بوو کە ئێمە وەختی خۆی داوای وتووێژمان کردو سەر نەکەوت بەڵام ئێستاش ئێمە حازرین لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان وتوێژ بکەین. ئەمن گوتم ئێمە وەك حیزبی دێموکرات بە تەنیا واریدی وتووێژ نابین. چونکی ئێمە تەنیا حیزبی سیاسیی مەیدانەکە نیین. ئەوان ئەگەر راست دەکەن‌و باوەڕیان بە حەللی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد هەیە با ئیعلام بکەن، ئەوەختە هێزە سیاسییەکانی میللەتی کوردیش لە نێو خۆیان دا قسە دەکەن و دڵنیام وتووێژێکی جیددی هیچیان رەد ناکەنەوەو هەیئەتێك بە نوێنەرایەتی لە نێو هەموو رێکخراوە کوردی‌یەکان یا لە نێو بەشی عومدەیان دا ساز دەبێ. ئەوەختی وتووێژیان لەگەڵ دەکەین. کەوابێ ئەمن باسی وتووێژی خۆمانم بە تەنیا نەکردوە ئێستێش باوەڕم بەوە نیە کە هێزێك لە هەلومەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەقی هەیە یا دەتوانێ بە تەنێ وتووێژ بکاو ئەو وتووێژە سەرکەوتوو بێ حەتتا ئەگەر حوسنی نییەتی دەوڵەتیشی تێدابێ.

**بەرێز مامۆستا! لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەی کاك عیرفاندا هاتوە کە باس لە مەسەلەی کێشەی کوردو دەوڵەتی ناوەندی دەکا، دەبێ جەنابت کوتبێتت یانی رۆژهەڵاتی کوردستانت بە ئوستانێك دانابێ کە وتبێتیان زۆر ساویلکانەو منداڵانەیە کە ئێمە باس لە جیابوونەوەی ئوستانێك لە ئێرانێ بکەین؟ حەز دەکەین روونکردنەوەیەکتان هەبێ لە سەری.**

❍ لە تەواوی ئەو وتووێژەدا وشەی ئوستان بە زمانی مندا نەهاتوە حەتتا وەکوو باس کردنیش، ئەسڵەن وشەی ئوستانم بە زمان دا نەهاتوەو بەڵکوو باسی پڕەنسیپەکەم کردوە باسی ئەوەم کردوە کە ئەگەر میللەتی کورد لە وڵاتی خۆماندا لە ئێراندا هەموو ماف و ئازادی‌یەکانی هەبن بیر لەوە ناکەمەوە کە خەڵکی کورد بیهەوێ لە ئێرانێ جیا ببێتەوە کە ئەگەر تەماشای نەقشەی ئێرانێ دەکەی وەکوو پەراوێزێکی چووکەلە بە داوێنی بەشێك لە نەخشەی ئێرانێوە کوردستان هەیە. ئەو بەشە بۆ دەیهەوێ لە ئێرانێ جودا وەبێ ئەوە شتێکی شاراوە نیە. هەر ئەو رۆژانە لە ساڵیادی شەهیدبوونی د.قاسملووی نەمردا ئەمن کە قسەم کرد(رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ) لەوێدا ئەمن گوتوومە کە ئەمن باوەڕم وایەو وا بیر دەکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو حیزب باوەری وایە میللەتی کورد یەك میللەتە لەت کراوە ئەو لەتبوونە لەخاریجی ئیرادەی میللەتی کورد بووە. هەقی میللەتی کوردە داوا بکا بۆ یەکگرتنەوەی ئەو وڵاتەو ئەو میللەتەی. بەڵام لە عەینی حاڵدا هەر وەکوو ئیشارەم بە ئامۆژگارییەکان و سیاسەتەکان و رێبازەکانی د.قاسملوو کرد ئەوە هیچ ناتەبایی لەگەڵ ئەوە نیە کە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا چارەسەر بێ. ئەمن ئێستاش دەڵێم ئەگەر ئێران ئێرانی هەمووانە، ئەگەر هەموو خاوەنی مافی بەرابەرن، ئەگەر کەس هاونیشتمانی دەرەجە یەك و کەس هاونیشتمانی دەرەجە دوو نیەو هەموو هاونیشتمانی حقووقی یەکسانن، نە کوردو نە بەلووچ و نە ئازەری‌و نە هیچ میللەتێکی دیکە نایهەوێ لە ئێرانێ جودا وەبێ بە تایبەتی ئێمە لە دەورانێك دا دەژین کە وڵاتانی ئازادو سەربەخۆ دەیانهەوێ لە یەك وڵات دا بژین و پێکەوە بن وڵاتانی دیکە نایانهەوێ لەت بن بەڵام ئەگەر کابرا لە وڵاتەکەی خۆیدا میوانە بێگانەیە رەنگە بەرەو ئەوە بچێ کە بڵێ ماڵەکەی خۆم جودا دەکەمەوە.

کوردستانی ئێرانێ لە نێو چوار ئوستان دایە، ئیلام، کرماشان، کوردستان، ئەوە کە پێی دەڵێن ئازەربایجانی غەربی لە روانگەی منەوە کوردستان کوردستانە ئێستێ لە تەقسیماتی جوغرافیایی‌دا کردوویانەتە ٤ ئوستان، سبەینێ بیکەنە ٢ ئوستان، بیکەنە ٦ ئوستان، ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. کوردستان کوردستانەو دەبێ وەکوو واحیدێك لە چوارچێوەی ئێرانێ‌دا سەیری بکرێ لە هەر جۆرە چارەسەرێکی مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا.

**❒ بەرێز مامۆستا مەسەلەیەکی دیکەش هەر لەو پێوەندی‌یەدا ئەوەیە کە جەنابت باسی ئەوەت کردوە کە من ئامادەم بیرو بۆچوونی خۆم دەربڕم تەنانەت ئامادەم لەگەڵ رۆژنامەکانی"کیهان"و "رسالت" وتووێژ بکەم جا ئەمە مناقشەیەکی توندی دروست کردوەو هێندێك لە کەس و لایەن دەیانهەوێ کە زەقی کەنەوە کە دەبێ کفرێ کرابێ، لەو پێوەندی‌یەدا دەمانهەوێ تەوزیحاتی جەنابت ببیسین؟**

❍ پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە ئەو بەشە لە وتووێژێك دا نەبوو کە بە رێکۆردێر تۆمار دەکرا، دوای نانخواردن دانیشتبووین و قسەمان دەکرد هەروا عادی ئەمن قسەیەکی وام کردوە بەڵام باسی ریسالەتم هەر بەدەم دا نەهاتوە. گوتم حازرم دەگەڵ کەیهانیش موساحەبە بکەم. جا لێرەدا مەسەلەکە بەو جۆرە دێتە پێش کە هێندێك کەس یا هێندێك لایەن یا هێندێك ڕەسانەی خەبەری بیانهەوێ لەوە بۆخۆیان نانێك پەیدا بکەن ئەوە شتێکی دیکەیە. دەنا ئەوە چ عەیبێکی تێدا هەیە؟ مەسەلەن ئەگەر ئەمن دەگەڵ رۆژنامەیەکی ئێراقی، تورکی، سعوودی، کووەیتی، میسری، فەرانسەیی، رووسی، ئینگلیسی، ئەمریکایی، ئیسرائیلی موساحیبە بکەم کەس ناڵێ بۆ دەیکەی ئەدی باشە بۆ لەگەڵ رۆژنامەیەکی ئێرانی کە ئی وڵاتی مەیە بۆ لەگەڵ وی عەیب و عارە، هیچ ئیرادێکی تێدا نیە. ئەمن دەمهەوێ قسەی خۆم بکەم بە تایبەتی لە ئێستادا ئێمە رۆژنامەیەکمان هەیە رۆژنامەی کوردستان کە مانگی ٢جار دەردەچێ رەنگە چەند دە نوسخەی یان چەند سەد نوسخەی بە قاچاخی لێ بگاتە دەستی خەڵکی کوردستان لە شار یا لە دێ، لە حاڵدا کەیهان رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کە هەزاران نوسخەی لە رۆژدا بە ئازادی لێ دەچێتە هەموو شارەکانی کوردستان و هەموو شارەکانی ئێرانێ‌و بەشێکی زۆر لە دێهاتی ئێران و کوردستان. کە وابێ ئەوە چ عەیبێکی تێدا هەیە؟

لە پاشان با بڵێین ئێمە ئۆپۆزیسیۆنین، بەڵام د.قاسملوو دوو ساڵ تەقریبەن ئەوەندەی کە قسەمان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی هەبوو، ساڵ‌و نیوێك بوو، دوو ساڵ بوو، چەند بوو هەوڵی دا بۆ ئەوەی نیو سەعات یا ئەگەر بکرێ سەعاتێك رێگای بدەن لە رادیۆ تەلەڤیزیۆن قسە بۆ خەڵکی ئێرانێ بکا. بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی ئێرانێ بزانێ میللەتی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان چیان دەوێ. لەوە زیاتریش ئێمە لە حاڵی خەباتی چەکدارانەدا بووین، لە شەڕی ٣ مانگەی ساڵی ١٣٥٨ دا لە هەموو بەشەکانی کوردستان کە حزووری پێشمەرگەی تێدا هەبوو شەڕێکی زۆر سەخت لە ئارا دابوو بەڵام د.قاسملوو لە ئاخرین نوقتەی حدوودی بەینی ئێران و ئێراقێ لە شوێنێکی زۆر دوور کەوتوو کە پێیان دەگوت ئاشی پشت شکاوێ لەوێ لەگەڵ خەبەرنیگاری کەیهان و ئیتلاعات موساحبەی دەکرد ئەوە چ ئیرادێکی تێدا هەیە؟ ئێستاش دەڵێم پێم خۆشە رادیۆ تەلەڤیزیۆنی ئێرانێ بێ، هی هەر جێیەکی دیکە بێ رۆژنامەی هەرجێیەکی بێ تەنیا بەو شەرتە ئەو سەداقەتە هەبێ ئەو عیززەتە هەبێ کە پەیامی من و قسەی من وەك ئەوەی هەیە ئاوا بڵاو بکەنەوە موساحیبەیان لەگەڵ بکەم.

٤



**باوەڕم بەوە نیە کە هێزێك لە هەلومەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەقی هەیە یا دەتوانێ بە تەنێ وتووێژ بکاو ئەو وتووێژە سەرکەوتوو بێ حەتتا ئەگەر حوسنی نییەتی دەوڵەتیشی تێدابێ**

## هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ

# هەواڵەکان

**چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزب**

**لە درێژەی ئەو چالاکییە تەبلیغییەی تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزب لە شارو ناوچەکانی کوردستان بە بۆنەی ١٨ ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو هاوڕێیانی لە لایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لەم شوێنانەی خوارەوە کاری تەبلیغی کراوە:**

## سەردەشت

گەڕەکەکانی پارکی جەنگەڵی، فەرهەنگیان، مەلاپیرە، ڕەزی جۆڵای، شەقامی شێخ مەولانا، مزگەوتی کانی خانی.

## ڕەبەت

شەقامەکانی سەرەکیی شار، کانی گوێز، مەولەویی کورد، سەلاحەدین ئەیووبی، دەوروبەری مزگەوتی جامیعەو گوندەکانی دەوروبەر.

شایانی باسە لەم چالاکییەدا وێرای نووسینی دروشم، تراکتو وێنەی شەهیدانی ڕێبەرو بڵاوکراوەکانی حیزب بڵاو کراونەتەوە.

## مەهاباد

لە درێژی چالاکیو کارە تەبلیغاتییەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی هەژدەیەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی لەوییەنی ئوتریش، لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان و شاماتی سەر بە شارستانی مەهاباد چالاکییەکی بەربڵاو بەڕێوە چووە. ئەو شوێنانەی ئەم چالاکییەیان لێ بەڕێوە چووە بریتین لە: سەرچنار، خانکەندی، قەباکەندی، کۆخان، سەوزی، قەرەگۆل، ناوچەی شامات، تازەکەند، دێیوەیساغا، گەزەڵێن، خێرئاوا، دێمەنسوور،حاجیحەسەن، ژمارەیەك لە ئاوایییەکانی ناوچەی شاروێرانی مەهاباد، ئاوایییەکانی حاجیلەك، قەڵای ڕەسووڵە سیت، قارنجەی گەورەو بچووك.

### جیرەبەندیوگرانیی بێنزین هاتوچۆی ماشێنەکانی کەم کردۆتەوە

قەیرانی کەم بوون و جیرەبەندیی بێنزین لە ئێراندا کە کۆمەڵێك خۆپێشاندانو ناڕەزایەتیو تەنانەت توندو تیژیشی لێ کەوتۆتەوە، کاریگەریی خستۆتە سەر هاتوچۆی ماشێنەکان بە تایبەت تاکسی تەلەفۆنییەکان. بە پێی زانیارییەکان نزیکەی ٦٠ لە سەدی تاکسی تەلەفۆنییەکان کار ناکەن و کرێی هاتوچۆش زۆر زیادی کردوە.

## بۆکان

ـ ڕێکەوتی ٨٦/٥/١ کەسێك بە ناوی بیهزاد ستایش کە یەکێك لە بڵاوکەرەوەکانی ماددە هۆشبەرەکان لە نێو لاوان دا بوو کەوتە بەر دەسرێژی کەسانی نەناسراوو کوژرا.

ـ چەند ڕۆژ لەمەوبەر کرێکارانی خاوێنکردنەوەی شەقام و شوێنە گشتییەکانی شاری بۆکان بە ناڕەزایەتی لە کەمیی مووچەکانیان بۆ چەند ڕۆژ مانیان لە کارکردن گرت.

## پیرانشار

### بە هۆی دەسڕێژی هێزەکانی ڕێژیم کاسبکارێك بریندار بوو

ـ ڕێکەوتی ٢٦ی پووشپەڕ هێزەکانی ڕێژیم لە سنووری حاجی ئۆمەران ژمارەیەك کاسبکاریان دایە بەر دەسڕێژو لە ئاکام دا کاسبکارێکیان بە ناوی عەلی بیژەنی بریندار کرد. ناوبراو تا ئێستا بۆ چارەسەر کردن براوەتە نەخۆشخانەی دیانا.

ـ ڕێکەوتی ١٣٨٦/٥/٧ کاروانچییەك بە ناوی "باقی" خەڵکی پیرانشار لە کاتی گەڕانەوە بۆ سنووردا لە "خواکورك " ماشێنەکەی وەرگەڕاو گیانی لە دەست دا.

## سنە

### دەستبەسەرکردنی چالاکی مەدەنی، ئاکۆ کورد نەسەب

ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕ ئاکۆ کوردنەسەب چالاکی مەدەنیو هەواڵنێری حەوتوو نامەی کەرەفتو لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمەوە کەوتە بەر پەلامارو بە قۆڵبەستکراوی ڕاپێچی زیندان کراوە. شایانی باسە تا ئێستا هۆکاری دەستبەسەرکرانی ناوبراو ڕانەگەیەنراوە.

ڕۆژی هەینی ٢٩ی پووشپەڕ لە سەر داوای ژمارەیەك لە چالاکانی مەدەنیو مافی مرۆڤ ، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سنە بە شێوەیەکی هێمنانە ڕوویان کردە چیای ئاویەر. ئامانج لەو کارە بریتی بوو لە ناڕەزایەتی نیشاندان بە حوکمی ئیعدامی داسەپاو بەسەر عەدنان حەسەنپوورو هیوا بوتیمارو هەروەها دەستبەسەرکرانی ڕۆژنامەنووسان ئیجلال قەوامی، سەدیق کەبوودوەندو محەممەد ساڵحی.

## دێولان

### ماشێنی دوو بەکرێگیراو ئاگری تێبەر درا

ـ ڕێکەوتی ١٠ی گەلاوێژی ١٣٨٦، ماشێنی بەکرێگیراوێك بە ناوی "سەید تاجەدینی هاشیمی نەسەب" لە پارکینگی شەقامی غەزاڵی بە دەستی چەند کەسی نەناسراو ئاگری تێبەر درا.

ـ چەند ڕۆژ لەمەوبەر ماشێنی بەکرێگیراوێکی دیکە بە ناوی خالید خانی کە یەکێك لە بەکرێگیراوانی ڕێژیمە، لەلایەن کەسانێکی نەناسراووە ئاگری تێبەردراوە.

ناوبراو پێشتر بەرپرسی "سندوقی مێهری ڕەزا"ی شاری قوروە بووەو بە کەسێکی بەد ناوو دژە خەڵك ناسراوە.

### سەرکەوتنی لاوێکی دێولانی

ـ "شارام ڕەحیمی دێولان" خەڵکی شارۆچکەی دێولان کە دیپلۆمی لە شاری سنە وەرگرتوە، لە ئەزموونی کونکۆری سەرانسەریدا لە لقی زانستە ئەزموونییەکان(علوم تجربی)دا پلەی یەکەمی وڵاتی بەدەست هێنا. شایانی باسە سەرکەوتنی ئەو لاوە کوردە بوو بە هۆی خۆشحاڵیی خەڵکی دێولان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی.

بەم بۆنەیەوە "کوردستان" پیرۆزبایی لە شارام ڕەحیمی دەکاو سەرکەوتنی لە قۆناغەکانی دیکەی خوێندن دا بە ئاوات دەخوازێ.

## مەهاباد

### کۆکردنەوەی ئانتێنە ماهوارەییەکان لە لایەن هێزە ئینتزامییەکان

هێزە ئینتزامییەکان ڕۆژێك لەمەوبەر چوونە سەر خەڵکی گوندی شیناوای نزیك میاندواو دەستیان کرد بە پشکنینیماڵەکان. لە ئاکامی ئەو پشکنینەدا دەستیان بە سەر چوار دەزگای ڕێسیوێر داگرتوە.

## سەردەشت

ڕێکەوتی ٨٦/٥/٤ هێزی ئینتزامی لە نزیك گوندی دۆڵەتوو پەلاماریان بردە سەر چەند ماشێنێکی هەڵگری گازۆییل کە لە ئاکامدا تێکهەڵچوون لە نێوان کاسبکاران و ئەو هێزانە ساز دەبێ. بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە ئاکامی ئەو تێك هەڵچوونەدا بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم کەسێك بە ناوی ئیدریس کوڕی محەممەدی دەروێشی خەڵکی گوندی دۆڵەتوو بریندار بووەو بە یارمەتی خەڵکی بەرەو نەخۆشخانە ڕاگوێزراوە.

## شنۆ

### خۆکوژیی کچێکی تەمەن ٢١ساڵان

بەرواری ١ی گەلاوێژی ١٣٨٦ کچێکی تەمەن ٢١ ساڵە بە ناوی "سەفییە محەممەدی" کچی مرادرەسووڵ محەممەدی خەڵکی گوندی "جبریلاوا"ی سەر بە شاری شنۆ بە هۆیەکی نادیار دەرمانی خواردەوەو پاش چوار ڕۆژ گیانی لە دەست دا.

## بانە

### چوار کاسبکار گیانیان لە دەستدا

ڕۆژی سێشەممە ٢ی گەلاوێژ لە سەر ڕێگەی بانە ـــ سەردەشت (سێڕێیانی پەڕشە) دوو ماشێنی هەڵگری گازۆییل خۆیان پێك داداو لە ئاکامدا ماشێنەکان ئاگریان تێ بەربووو چوار کەس لە سەرنشینانی سووتان و گیانیان لە دەست دا.

شایانی باسە تا ئێستا بە دەیان کەس لە کاتی ڕاگواستنی جۆرەکانی سووتەمەنیدا یان بە هۆی ڕاگرتنی سووتەمەنی لە ماڵەکانیاندا سووتاون یان گیانیان لە دەست داوە.

### چوار میلیشیای سەر بە ئێران لە عێراقدا دەستبەسەر کران

هێزەکانی ئەرتەشی ئەمریکا ڕۆژی هەینی ٢٧ی ژوئیە، ٤ کەسی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تۆڕەی کە بە قاچاخی چەك و چۆڵ لە ئێرانەوە بۆ عێراق ناوی بردوە دەستگیر کردوە.

ئەو چوار گومان لێکراوە لە ئاکامی هێرشی هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر گوندی "قصرین" هەڵکەوتو, لە 15km پارێزگای دیالە(پارێزگای هاوسنوور لەگەڵ ئێران) گیراون.

لە نێو ئەو چەك و تەقەمەنییە قاچاخ کراوەدا بۆ وێنە باسو تەقەمەنییانە دەکرێ کە بۆ دروست کردنی بۆمب بە کار دێن کە لە قەراخ جادەو ڕێگەکان دەچێندرێن، کە بەهۆی ئەوانەوە ئێستا بە سەدان کەس لە هێزەکانی ئەمریکا بە تەقینەوەی ئەو بۆمبانە گیانیان لە دەست داوە.

"سەرگورد" مارك یانگ، وتەبێژێکی ئەرتەشی ئەمریکا گوتوویەتی "کاریگەریی ئێران لە عێراقدا، کۆسپی سەر ڕێگای سەقامگیریو ئاشتی لەو

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی "حیزبی دیموکراتی کوردستان، ریفۆرمو نوێبوونەوە" لە پاڵتاك دا

شەوی ٢٧ لە سەر ٢٨ی جولای، (٥ لەسەر ٦ی گەلاوێژ) کۆنفرانسێك لە ژێر سەردێڕی "حیزبی دیموکراتی کوردستان، ریفۆرمو نوێبوونەوە" لە لایەن هاوڕێیان قادروریاو سمایل شەرەفی لە ژووری "نەتەوەیی" پاڵتاك دا بەڕێوە چوو. سمینارەکە کاتژمێر ١٥/٨ی شەو بە کاتی هەرێمی کوردستانو بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد. پاشان قادروریا، ئەندامی دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزب وتەکانی بە سڵاوو ڕێز بۆ خەباتو خۆڕاگریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هاوپێوەندیی ئەوان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانو تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ کە ئێستا لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیئێران دان و حوکمی ئیعدام بۆ دوو کەس لەو تێکۆشەرانە دەرچووە، دەست پێکرد. هاوڕێ قادروریا دوایە باسێکی کورتی لەسەر هەڵوێستەکانو کارو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوای لەتبوونی حیزبی دیموکراتەوە پێشکەش کردو ئاماژەی بەو هەنگاوانە کرد کە بە مەبەستی گۆڕانو نوێبوونەوە لەم حیزبەدا هەڵ گیراون، بەڕێز سمایل شەرەفی کادری ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەر لەم پێوەندییەدا ئاماژەی بە چەند خاڵێك کرد.

لە درێژەی کۆنفرانسەکەدا بەشدارانی زوورەکە کە تا دەهات ژمارەیان زیاتر دەبوو، پرسیارو بۆچوونەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێ. پرسیارەکان کە نیوە نیوە لە لایەن بەڕێوەرانی کۆنفرانسەکە وەڵام دەدرانەوە، چەند تەوەرێکیان لەخۆ گرتبوو. دامەزرانی kurd channal و نێوەرۆكو پرۆگرامەکانی، هۆیەکانی لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕوانینی حیزب بۆ خەباتی چەکدارانە، پایەو بناغەکانی ڕەوایی حیزبی دیموکراتی کوردستانو ڕێبەرایەتییەکەیو، نفووزی لە نێو توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکدا، بەراوردێك لە نێوان ڕوانگەو بۆچوونو بیرکردنەوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو لایەنی بەرامبەری، سەرەنجامی هەوڵەکانی پێوەندیدار بە یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزب. لە ماوەی نزیك بە دوو کاتژمێردا باسو دیالۆگێکی زیندووو بەکەڵك لە بارەی حیزبی دیموکراتو پرسەکانی پێوەندیدار بە کێشەی کوردو خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، هاتە گۆڕێ. ئەم کۆنفرانسە پاڵتاکیە کە زیاتر لە ١٦٠ کەسی تێدا بەشدار بوو، کاتژمێر ١٠/١٥ی شەو بە کاتی هەرێمی کوردستان، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب کۆتایی پێهات.

# چالاکیی کومیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

## ئەمریکاـ واشنگتۆن

### دیداری نوێنەری حیزب لەگەڵ تیمۆتیستاندارد لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

کاك کامران باڵنور، نوێنەری حیزب لە ئەمریکا، لە ڕێکەوتی ٢٦-٠٧-٢٠٠٧ لە وەزارەتی دەوەوەی ئەمریکا

چاوی بە تیمۆتی ستاندارد لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران کەوت.

نوێنەری حیزب لە ئەو کۆبوونەوەیەدا باسی بارودۆخی کوردستانی ئێرانی بۆ کرد و ڕای گەیاند کە حکوومەتی تاران زەخت و گۆشاری لەسەر خەڵکی کوردستان پەرە پێداوەو و بڕیاری ئیعدام لە سەر تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنیی کورد بەشێکە لە پڕۆژەی گشتیی ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە کورد. نوێنەری حیزب داوای لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد کە هەم بە هۆی کۆڕ و کۆمەلی نێونەتەوەیی و هەمیش بە هۆی ناوەندە یاساییو NGO یەکان لە ئەمریکا گۆشار بخەنە سەر ڕێژیمی ئێران و بە تایبەت بۆ هەڵوەشانەوەی حوکمی داسەپاوی ئیعدام بە سەر تێکۆشەرانی کورد لە کوردستانی ئێران .

### نوێنەری حیزب سەردانی پارلمانی ئەیالەتیی باشووری ئوسترالیای کرد

کاک خالید پەردەدار ئەندامی کومتیەی پێوەندییە نێو نەتەوەیەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ئوسترالیا ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩,٠٧,٢٠٠٧ بە سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە پارلمانی ئەیالەتیی باشووری ئوسترالیا و لە لایەن خانمی مشێڵ لینک سینک نوێنەری حیزبی لیبرالی ئوسترالیا لە پارلمانی ئەم ئەیالەتە پێشوای یەکی گەرمی لێکرا.

لە سەرەتای دانیشتنەکە دا کە نزیکەی ٢ کاتژمێری خایاند کاک خالید لە سەر دوایین پێشێلکاریەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد و مافی مرۆڤ و بە تایبەت دانی حوکمی ئیعدام بە دوو ڕۆژنامە نووسی کورد بە ناوەکانی عەدنان حەسەنپوور و هیوا بوتیمار باسێکی پێشکەش بە خانمی مشێڵ کرد.

لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا باسی ئەو هەوڵانەیان کرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیدا بۆ وەدەست هێنانی چەکی ناوکی و مەترسییەکانی ئەم کارەیان بۆ سەر کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە دوایین بەشی دانیشتنەکە دا باسێکی تێر و تەسەڵیان لە سەر کیشەێ کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە گشتی کرد.

لە کۆتایی دا هەر دوولا پێیان لە سەر پتەوتر کردنی پێوەندییەکانی حیزبی لیبرالی ئوسترالیا و نوێنەرانی حیزبی دێمۆکراتیان لەم ئەیالەتە دا داگرت و بڕیار درا کە ئەم جۆر دانیشتنانە لە نێوان هەر دووک لا دا بەردەوام بێت .

## نۆروێژ

### کۆبوونەوەی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە لەگەڵ نوێنەری "بەرەی دێمۆکراتیکی خەڵکی عەرەبی ئەهواز"



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٥,٧,٢٠٠٧ بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە نۆرویژ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ "بەرەی دێمۆکراتیکی خەڵکی عەرەبی ئەحواز" پێکهێنا .

لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەسەر کۆمەڵێک تەوەری پێوەندیدار بە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێران و چۆنیەتیی پەرەپێدان و گەشەدارتر کردنی ئەو بزاڤە ڕزگاریخوازانەیە کرا.

پێوەندیی مێژوویی نێوان هەر دوو گەلی کورد و گەلی عەرەب لە ئێران و هاوکاری و هاوپشتیی وان لە یەکتری لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە دێمۆکراتیک و گەلییەکانیان بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو کە هەر دوولا وێڕای جەخت کردنەوە لەو هاوپەیمانییە پێیان لەسەر پەرەپێدانی ڕێبازی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زوڵم لێکراو لە ئێران دا گرت. چۆنیەتیی هاوکاریی نێوان هەر دوو حیزب لە نۆرویژ و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو و کارا و بەرین لە هێزە نەتەوەیییەکانی لە ئێران بۆ بەرگری لە مافەکانی گەلانی بندەست بەشێکی دیکەی باسەکان بوو و بڕیار درا لە داهاتووی نێزیکدا هەنگاوی پڕاکتیکی بۆ پێکهێنانی ئەو بەرەیە هەڵ بگیرێ . شایانی باسە کە وەفدی حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا بریتی بوون لە بەڕێزان کاک ئازاد ڕۆستەمی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە نۆرویژ و کاک سەلاح عەبدوڵلاپوور بەرپرسی بەشی پێوەندییە ئێرانییەکان. هەروەها لە لایەن "بەرەی دێمۆکراتیکی خەڵکی عەرەبی ئەهواز" یشەوە بەڕێز "ابو عادل" بەشداری کۆبوونەوەکە بوو.

## سوئیس

### بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێپێوانی ناڕەزایەتی بە دژی پەیمانە شەرماویەکەی لۆزان

لە هەشتاو چوارەمین ساڵۆگەڕی ئیمزاکردنی پەیماننامەی لۆزان، واتە ئەو پەیماننامەیەی لە نێوان چەند وڵاتی ئورووپایی و هەروەها ئەو وڵاتانەی لە شەڕی یەکەمی جیهانیی دا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەسترا و بەپیی بڕیارەکانی ئەو پەیماننامەیە خاکی پیرۆزی کوردستانیان کرد بە چوار پارچە، لە ڕۆژی ٢٠٠٧،٠٧،٢١ی ڕێپێوانێکێ بەرین پێک هاتوو، لە سەدان کەس لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە بەر دەم (هوتێل ئوشی) ئەو هوتێلەی١٩٢٣ی زایینی پەیمان نامەکەی تێدا مۆرکرا، دەستی پێ کرد. بەشداربووان دوای پێوانی چەندین شەقامی سەرەکی بە درێژای ٣ کیلۆمتر بە بەرزکردنەوەی چەندین درووشمی نەتەوەیی، گەیشتنە نێو گۆڕەپانی موزەخانەی بە ناو بانگی لۆزان کە پێشتر بەو مەبەستە ئامادەکرابوو، درێژەی بەرنامەکان

←

# حوکمی زاڵمانە لە دژی عەدنان حەسەنپوور و هیوا بووتیمار مەحکووم دەکەین

***خەڵکی مافخواز و نیشتمانپەروەری کوردستان!***

***کۆڕ و کۆمەڵە دیموکرات و مرۆڤدۆستەکان!***

***ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ!***

وەک ئاگادارن نەتەوەی خەباتکار و رزگاریخوازی کورد لە مێژساڵە لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە رەواکانی‌و رزگاربوونی لە دۆخی ژێردەستەیی‌دا، لە خەباتێکی بێ‌وچان دایەو بە هەزاران رۆڵەی تێکۆشەری لەم رێگایەدا فیدا کردوە. ئەمەش تێچوویەکی گەلێك قورس‌و گرانە کە نەتەوەیەك دەبێ لە پێناوی گەیشتن بە ماف‌و ئازادییەکانی‌دا بیدا. ئێستاو لە سەردەمی ئۆمانیزم، دێموکراسی‌و مرۆڤ سەروەری‌دا کە رێز لە مرۆڤ و ماف‌و ئازادییەکانی‌و یاسامەندیی خەباتی مافخوازانە دەگیرێ، هەنووکە لە زۆربەی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان‌و وڵاتەکانی جیهانی سێهەم دا، نە هەر رێز لە مرۆڤ و ئازادی‌و کەرامەتی ئینسانی ناگیرێ، بەڵکوو خەبات بۆ دابین‌و دەستەبەرکردنی ئەو مافانە تێچوویەکی قورس‌و قەرەبوو هەڵنەگری هەیە. هەر چەشنە دەنگێکی ناڕەزایی‌و ئازادیخوازی بە سەرکوت وەڵام دەدرێتەوەو تەنانەت گیان‌و ژیانی مرۆڤەکانیشی بۆ قوربانی دەبن.

دوژمنانی ئازادیی نەتەوەی کوردو یەك لەوان رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەڵگری هەمان کولتووری سەرەڕۆیین‌و بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازی‌و سەرکوتی بزاوتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکانی ژێردەستیان پەنا بۆ هەموو شێوازێکی نامرۆڤانەو ئامرازێکی ناڕەوا دەبەن. گرتن، لێدان، ئەشکەنجەو ئێعدام دژکردەوەی ئەم رێژیمانەن بەرامبەر بە هەرچەشنە دەنگێکی ناڕەزایەتی‌و تێکۆشانێکی مافخوازانە.

گرتنی سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤ، محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە حەوتووەکانی رابردوودا، نموونەیەکی ئاشکرا لە دژایەتیی ئەو رێژیمە لەگەڵ هەرچەشنە تێکۆشانێکی مەدەنی، سالم‌و ئاشتیخوازانە بوو. لە دوایین نموونەش دا بەناو دادگای شۆرشی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە بڕیاری ئێعدامی لە دژی دوو لاوی کوردی مەریوانی بە ناوەکانی عەدنان حەسەنپوور، رۆژنامەنووس‌و هیوا بووتیمار، چالاکی مەدەنی دەرکردوە.

ئەم بڕیارە پیشاندەری ئەوپەڕی دڕندەیی‌و دیکتاتۆرییەتی ئەو رێژیمەیە کە تەنانەت چالاکییە مەدەنی‌و هێمنانەکانی خەڵکی کوردستانیشی پێ‌تەحەممول ناکرێ‌و بێ‌بەزەییانە بڕیاری گرتن‌و کوشتنی رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە دەدا.

بێگومان عەدنان حەسەنپوورو هیوا



بووتیمار نە یەکەم کەسانێکن کە ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر گیراوەو نە دووایین کەسانێکش دەبن. چونکە لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا چەندین جار رێژیمی ئێران بە هۆی پێشێل کردنی مافی مرۆڤەوە لە لایەن رێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوە بە تاوانبار ناسراوەو مەحکووم کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم مەحکووم کردنانە هیچ شێلگیری‌و دەسەڵاتێکی بەڕێوەبردنی لە پشت نەبووە، تا ئێستا نەیتوانیوە پێش بە سەرەڕۆیی‌و سیاسەتی ستەمکارانەی ئەم رێژیمە بگرن‌و سیاسەت‌و کردەوەی دژە مرۆییانەی ئەم رێژیمە بگۆڕن. بۆیە لەگەڵ ئەوەی ئەوپەڕی داخ‌و ناڕەزایەتیی خۆمان لە دژی گرتن‌و ئەشکەنجەو سزای زاڵمانەی تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ‌و خەباتی نەتەوەیی‌و بە تایبەتی دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ عەدنانی حەسەنپوورو هیوا بووتیمار دەردەبڕین‌و بە توندی پرۆتیستۆیان دەکەین، داوا لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان‌و هێزو رێکخراوە نێونەتەوەییەکان‌و خەڵکی خۆڕاگری کوردستان دەکەین بەتوندی‌و ئەم جارە زۆر شێلگیرانە رووبەڕووی سیاسەت‌و بڕیاری چەوسێنەرانەو دژی مرۆییانەی رێژیم بە گشتی‌و ئەم بڕیارە نامرۆڤانەیە بە تایبەتی ببنەوە بۆ ئەوەی پێش بە ئێعدامی ئەم دوو لاوە تێکۆشەرە بگرن و بە یەکجاری‌و بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە سیاسەتە نادیموکراتیك‌و کردەوە نامرۆییانەکانی رێژیم بێنن، تا چی‌دیکە بە تاوانی جیاوازیی بیروڕاو ئازادیخوازی، شایەتی گرتن‌و ئەشکەنجەو ئێعدامی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان نەبین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنەوەی ئەم بڕیارەی بێدادگای شۆرشی ئیسلامی لە شاری سنە، پشتیوانیی خۆی لە داوای ئازادیی هەر دوو لاوی تێکۆشەر عەدنانی حەسەنپوورو هیوا بووتیمار رادەگەیەنێ‌و لە گەڵداکۆکی لە ماف‌و ئازادییەکانیان ،خوازیاری ئازادکردنی هەرچی زووتریانە.هەر لەم پێوەندییەش دا رادەگەیەنین کە حیزبی ئیمە پشتیوانیی خۆی لە بانگەوازی کومیتەی دیفاع لە زیندانیانی سیاسیی کوردستان بۆ مانگرتنی گشتی لە رۆژی دووشەممەی داهاتوو، بۆ نارەزایەتی دەربرین دژی حوکمی داسەپاو بە سەر عەدنان حەسەنپوور و هیوا بووتیمار دا، دەردەبڕێ.

**کومیسیۆنی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**١٣٨٦/٤/٢٩**

**٢٠٠٧/٧/٢٠**

***درێژەی***

# چالاکیی کومیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

دوای بەخێرهاتنی بەشداربووان لە لایان بەڕێوە بەرانەوە، بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد، پاشان تیپی مۆسیقا بە پێشکێش کردنی چەندین دروشمی نەتەوەی و شۆڕشگێڕی درێژەی بە بەرنامەکان دا، لە درێژەی ئەو بەرنامەیەدا کە چەندین کاتژمیری خایاند، چەندین ڕێکخراو و کۆڕو کۆمەڵ، وتار و پەیامیان خوێندەوە. شایانی باسە هاوڕێ شاخەوان عەزیزی ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بە نوێنەرایەتیی حدک خوێندەوە. ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی پەیامیان پێشکێش کرد بریتی بوون لە:

ناوندی چاک دژ بە ئەنفال و کیمیابارای کوردستان(چاک)، نوێنەرایەتیی مەجلیسی گەلی کوردستان لە سویس، پارتی یەکیەتیی دێموکڕاتی کورد لە سووریە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان.

ڕێکەوتی4 ی ئۆگۆستی ٢٠٠٧ لە لایەن هەڤالانی لیژنەی ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی چاک لە لەندەن بەبۆنەی ٢٤مینساڵوەگەری ئەنفال کرانی ٨ هەزار بارزانی کۆڕێک لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن بەڕێوە چوو.

## بریتانیا: بە بۆنەی ٢٤مین ساڵوەگەڕی ئەنفال کرانی ٨ هەزار بارزانی کۆڕێك لە شاری لەندەن بەڕێوە چوو




لەم کۆڕەدا نوێنەری زۆربەی ڕێکخراو و حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی و کەسایەتی سیاسی عێراقی و کورد بەشدار بوون و پەیام و هاودەردی خۆیان لەم ڕێوڕەسمەدا ڕاگەیاند.

حیزبی ئێمەش بۆ ئەو یادوارەیە بانگێشتن کرابوو کە پەیامی هاوبەستەگی پێشکەشی بەشداربووان کرد و چالاکانە بەشداری کۆڕەکەیان کرد.

# درێژەی وتووێژی رادیۆی دەنگی کورستان لە گەڵ مامۆستا حەسەن زادە

زۆریشم پێ خۆشە ئەو وتووێژە کە موقەددەمەی بۆ ساز کراوە بڵاو بکرێتەوە. بەڵام ئەمن داوا لە کاك عیرفانی قانعی‌فەرد دەکەم کە ئەم وتووێژە بە دەنگیش بڵاو بکاتەوە. چونکی لە تەرجەمەدا رەنگە دیققەتی تەواو بەخەرج نەدرێ رەنگە حاڵی بوون لە عیبارەتەکان بۆ من‌و بۆ کەسێکی دیکە فەرقی هەبێ. ئەوە دەقەکەی هەیە. لە سەر وێبلاگی خۆی یا لە سەر سایتێکی دیکە بڵاوی بکاتەوەو خەڵك بزانێ. دیارە ئەگەر لەوێ‌دا ئیشتبایەکەم کردبێ، شتێکم گوتبێ کە پێچەوانەی رەئی خۆم بێ یا خەیر پێچەوانەی ویستی میللەتی کورد بێ زۆر بە ئازایەتییەوە دەڵێم ئەوە ئیشتیبا بووە. بەڵام ئەوەندەی کە فکر دەکەمەوە شتێکم وەبیر نایە کە لێی پەشیمان ببمەوە چونکە ئەوە نەزەراتی خۆمە ئەوەم گوتوە وەکوو خۆشم ئەو وتووێژەم کردو زیاتر وەکوو بڵێین وەك نوێنەری حیزبی دیموکراتیش قسەم نەکردوە بەڵام دیسانەکە ئەگەر شتێکی تێدا بوو پێچەوانەی بیروڕای حیزبی دیموکرات ئەو ئازایەتی‌یە لەخۆم دا شك دەبەم کە بە دەنگی بەرز بڵێم ئا ئەوە غەڵەت بووە.

❒ **بەڕێز مامۆستا! عەبدوڵڵا حەسەن زادە زۆر جار باسی ئەوەی کردوە کە حەز ناکات ئێران وەك عێراقی لێبێت تەنانەت لەو وتووێژەش دا لە نووسراوەکەی کاك عیرفانیش دا باسی کراوە کە گویا ئەوە هێندێك شتی دروست کردوە یا ئەوەی کە نەخێر، پێیان خۆش نیە ئێران بڕووخێ نەخێر ئەوە بە جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە، حەز ئەکەین خوێندنەوەی ئەوەی کە نات هەوێ وەکوو عێراقی لێ بێ بۆمان باس بکەی؟**

❍ ئەمن ئەندامی حیزبێکم کە شوعاری رووخاندنی کۆماری ئیسلامیی هەیە ناشم هەوێ داوای لێبووردن لە جمهووریی ئیسلامی بکەم هەر رۆژێکیش جمهووریی ئیسلامی منی دەست کەوێ مەعلوومە تەکلیفی وی لەگەڵ من چیە. کەوابێ ئەوە مەسەلەیەك نیە. مەعلوومە ئەمن خوازیاری لەبەین چوونی سیستمی کۆماری ئیسلامیم نیزامەکە نەك لەبەین چوونی ئینسانەکان. ئەمن ئینسانکوژ نیم‌و حەزیش لە خوێن رشتن‌و خوێن رژان‌و خەڵك کوشتن ناکەم، بەڵام لەبەین چوونی جمهووریی ئیسلامی ئارەزووی من‌و خواستی منە. کەوابێ ئەوە لە لایەکە. بەڵام بەڵێ هەموو وەختێك گوتوومە ئێستاش دەڵێم نە پێم خۆشە تاران وەکوو بەغدای لێ بێ، نە پێم خۆشە کرماشان‌و وەکوو کەرکووکێ ببینم، نە پێم خۆشەو حەز دەکەم ورمێ ببێتە موسڵی ئێستا، نە پێم خۆشە هیچ پایتەختێك لە هیچ جێی دنیایەو هیچ شارێك لە هیچ جێی دنیایە تووشی وێرانی‌و کوشتارو مەرگ‌و ماڵوێرانی ببێت‌و ببێتە مەیدانی تاخت‌و تازی هێزە تیرۆریستییەکان‌و هێزی ئەم لاو ئەولاو لەوێدا بەشەڕ بێن. بەڵێ ئەوە بە گوناح نازانم. شتێکە کە گوتوومەو ئێستاش دەیڵێم هەر ئارەزوو ناکەم شەڕو ئینسان کوشتن‌و ئینسان کوژران لە هیچ جێی دنیایەدا بەرقەرار ببێ. ئەوەی بە گوناح نازانم‌و حازرم مەسئوولییەتی ئەو قسانەم ئێستاش هەر قبووڵ بکەم.

❒ **بەڵێ مامۆستا! وەك دوایین پرسیار ئێستە لەو دەرفەتە کەڵك وەردەگرین حەز دەکەین بگەڕێینەوە بۆ ئوسوول‌و پرینسیپانەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەت ئێستا ئەگەر شتێك هاتە پێش بە ناوی وتووێژ کە بکرێ حەز ئەکەن ئەو ئوسوول‌و پرنسیپانەی کە حیزبی دیموکرات دیاری کردوە دیسان لە زمان جەنابتەوە ببیسین؟**

کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد نیە، باوەڕی بە حەللی ئاشتیخوازانەی هیچ مەسەلەیەك نیە. ئەگەر رۆژێك لە رۆژان لە هەر مەسەلەیەکی نێوخۆیی یا نێونەتەوەیی‌دا مل رابکێشێ ئەوە لەو وەختەدایە کە ئەو ناچارە، کە هیوادارم تووشی ئەو ناچارییە ببێ. بەڵام بە هەر سوورەت وەکوو پرەنسیپ ئێمە دوێنێ‌و پێرێ قسەیەکی تازەمان لە سەر پرەنسیپەکانی وتووێژ نەکردوە بەڵام باوەڕمان بە سیاسەتەکان‌و بە بڕیارەکانی پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەیە مەگەر بڕیارێك دەورانی بەسەرهاتبێ کە حەقمان هەیە بیگۆڕین، چون ئێمە هەر نابێ لە رابردوودا بژین دەبێ لە عەسری خۆماندا بژین. ئەوە بە جێی خۆی. جا ئەو پرەنسیپانە بە باوەڕی من لە سەر جێی خۆیانن موزاکەرە رەت ناکەینەوە موزاکەرە شێوەیەکە لە خەبات. هیچ شەڕێك لە دنیادا بەبێ موزاکەرە تەواو نابێ. شەڕ بەم شێوەیە تەواو دەبێ یا یەکێك لە دوو تەڕەف ئەوەی دیکە لەبەین بەرێ، بە چۆکی‌دا بێنێ، یا دانیشن لەسەر مێزی وتووێژ. شەڕی نێوان میللەتان‌و نێوان دەوڵەتان تەماشا بکە هەمووی بە قۆناغێکی ئاوادا تێ‌پەڕیوە. بەڵام ئەم وتووێژە وەکوو لە پێشدا گوتم، دەبێ لە سەر داخوازەکانی میللەتی کوردی بکەین مەسەلەن نەواری وتووێژەکانی ڤیەن کە دوکتور قاسملووی تێدا شەهید بووو گوێم لێ‌گرتوە ئەوان دەڵێن ئەرێ ئێوە بۆ لە ئینتیخاباتدا شیرکەتتان نەکردوە [ئەوە] وتووێژ نیە.

وتووێژ ئەوەیە کە بێین بڵێین میللەتی کورد داخوازەکانی چیە دەوڵەت تا چ ئەندازە ئامادەیە جوابی موسبەت بەو داخوازانە بداتەوە. گوتوومانە وتووێژ لەگەڵ کوللی حاکمییەت بێ نەك لەگەڵ ئەم جەناح‌و ئەو جەناح‌و ئەم وەزیر، لەگەڵ کوللی حاکمییەت بێ. بە ئاشکرا بێ، بە وەساتەتی لایەنی سێیەم بێ کە ئەگەر سازمانی میلەلی موتتەحید بێ باشترە. دەنا دەوڵەتێکی خاریجی بێ لە وڵاتێکی خاریجی بێ. بە سەراحەت هەموو جارێکی گوتوومانە ئێمە حازر نین بێین لە تاران وتووێژ بکەین‌و حەقیشمانە. چونکە ئێوە سکرتێری ئێمەو ڕێبەری ئێمەتان بانگ کرد بۆ وتووێژو لە سەر وێ تیرۆرتان کرد. کەوابێ باوەڕمان پێتان نیە. باشە گوتوومانە دەبێ بە ئاگاداریی دەوڵەتێك بێ‌و لە ژێر حیفازەتی پۆلیسی دەوڵەتێکی خاریجی‌دا بێ، تەنانەت وەکوو گوتم هەر دوو لامان تۆماری بکەین، هەر دوو لامان لە ئیختیارمان دابێ.

بەڵام جگە لەوە شتێکی کە زۆر پێویستە دووبارە تەئکیدی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستان هیچ هێزێکی کوردی‌و یەك لەوان حیزبی دیموکرات بۆی نیە خۆی بە ساحەبی قەزیەی کورد بزانێ‌و خۆی بە ساحەبی کوردستان بزانێ‌و بە تەنێ خۆی لەگەڵ دەوڵەتی جمهووریی ئیسلامی یا دەوڵەتێکی کە ئیحتمالەن لە ئایەندەدا بێتە سەرکار بە تەڕەف بزانێ. بەڵێ ئەمن ئێستاش باوەڕم بە وتووێژ هەیە، بەڵام بەو ئوسوولە کە سەعی بکەین هەموو هێزە کوردییەکان تێیدا بەشدار بن ئەگەر لەم لاو لەولا یەکێك حازر نەبوو ئەویش بە تایبەتی لەو هێزانە کە رەنگە هێزی زۆر گەورە نەبن‌و هێزی ئەسیل نەبن شتێکی دیکەیە، دەنا دەبێ هەموویانی تێدا بەشدار بن وتووێژ بە تاوان نازانم. هێندێك کەس رەنگە وا مەسەلەکە مەترەح کەن ئەوە کۆماری ئیسلامی لە حاڵی رووخان دایەو بۆیە باسی وتووێژ دەکەن، ئێمە داوای وتووێژمان نەکردوە. ئێمە دەڵێین ئەگەر وتووێژ هەبێ قەبووڵی دەکەین. لە پاشانیش ئەمن ئارەزوو دەکەم ئەو قسانەی کە خەڵك دەی کەن‌و هێندێك کەس دەیان کەن راست بن‌و کۆماری ئیسلامی قەت مانگێکی دیکە لەسەر کار نەمێنێ، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم رووخانی رێژیمی ئاوا بە نیزیك نابینم کە بڵێم بە دوو مانگێکی دیکە دەرووخێ تا بڵێم بۆ دوو مانگ بۆ وتووێژی لەگەڵ بکەین؟ نەخێر، کۆماری ئیسلامی ئێستا پێمان خۆش بێ‌و پێمان ناخۆش بێ فەرقی نیە جارێ پێی لەسەر لێوی قەبری نیە. کەوابێ کە داوای چارەسەری ئاشتیخوازانەی کرد بۆ میللەتی کوردو بۆ هێزە سیاسییەکانی دروست نیە کە بڵێین ئێمە خۆمان لەوەلادەدەین. مەرحوومی دوکتور قاسملوو زۆر جار دەیگوت ئەگەر ئێمە وتووێژی ئاشتیخوازانە رەد کەینەوە ٢ نەتیجەی لێ‌وەردەگیرێ، یەکێکیان ئەوەیە کە قسەکانی کۆماری ئیسلامی راست دەردەچن کە گۆیا ئێمە بە تەحریکی بێگانە دەستمان داوەتە چەك‌و دیفاعی چەکدارانە دەکەین، یەکی دیکە ئەوەیە کە خەڵکەکەمان لێمان تووڕە دەبێ! چەند ساڵە شەڕە خەڵك کوڕی دەکوژرێ کەس ئیعترازی بەمە نەکردوە کە بۆچی ئەو شەڕەتان دەست پێ‌کردوەو کوڕی مە بەکوشت دەدەن. بەڵام ئەگەر دەوڵەت بڵێ موزاکەرە دەکەین‌و حیزبی دیموکرات‌و هێزە سیاسییەکانی کورد بڵێین نای کەین ئەو وەختی خەڵك دەڵێ باشە کوڕی ئێمە بۆ بە کوشت دەدەن؟ لە حاڵێکدا دەوڵەت حازرە وتووێژی ئاشتیخوازانە بکا.

مامۆستا گیان زۆر سپاست دەکەم

ئەمنیش سپاستان دەکەم موەفەق بن

* ئەم وتووێژە ١٣٨٦/٤/٢٨ لە رادیۆی دەنگی کوردستان بڵاوبۆتەوە

# ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پارڵمانی تورکیەو چەند قسەیەك

هادی سۆفیزادە

هەڵبژاردنی وەپێشخراوی تورکیە ڕۆژی یەکشەممە حەوتی جولای ٢٠٠٧ لە ژێر چاوەدێریی نوێنەرانی ئورووپاو سەرپەرستیی "لوك ڤون دون بروندە"و بە بەشداریی چوار حیزب و ٦٩٩ کاندیدای سەربەخۆ لە سەرانسەری تورکیە بۆ پڕ کردنەوەی ٥٥٠ کورسیی پارڵمانی ئەو وڵاتە کۆتایی هات.

هەڵبژاردنی تورکیە لە لایەن ڕۆژنامەنووسان و میدیا جۆراوجۆرەکانەوە گرنگییەکی زۆری پێ دراو سەرنجی خەڵکێکی زۆری لە جیهان بۆ لای خۆی ڕاکێشا، چونکە وڵاتی تورکیە تاقە وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە بە مەبەستی دارشتنی سیستمی یاساو گۆڕینی حکوومەت هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوە دەچێ.

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی تورکیە هەموو لایەکی تووشی سەرسوڕمان کرد، نەك هەر بۆ زۆربەی شارەزایانی کێشەکانی ئەم وڵاتە شتێکیچاوەڕوان نەکراو بوو، بەڵکوو ئاکامەکان تەنانەت بۆ ڕێبەرانی حیزبەکانی ئەم وڵاتەش چاوەڕوان نەکراو بوو. هەربۆیە هێشتا هەموو دەنگەکان نەژمێردرابوون کە لە هەنگاوێکیچاوەڕوان نەکراودا محەممەد ئاغار ڕێبەری حیزبی دێموکرات لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی دەستیان لە کار کێشایەوەو دانیان بە شکستی حیزبەکەیاندا هێنا.

بە پێی بژاردنی دەنگەکان کە تا ڕادەیەك نارەسمی بەڵام حاشا هەڵنەگر بوو، تا نووسینی ئەم بابەتە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بەم جۆرە بوو: سەرکەوتنی حیزبی عەداڵەت و گەشەپێدان بە وەدەستهێنانی نزیکەی ٤٧٪ی دەنگەکان، حیزبی کۆماری گەل ٢٠/٧٥٪ی دەنگەکان، حیزبی بزووتنەوەی میللی ١٤/٢٥٪ی دەنگەکان و نزیکەی ٥٪ی دەنگەکان بۆ کاندیدا سەربەخۆیەکان کە دەنگی کوردەکانی دەگرتەوە، لەگەڵ چوار نوێنەری سەر بەخۆ.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە یەکێك لەو چوار کاندیدە سەربەخۆیە مەسعوود ئیلمازە کە لە دەیەی ٩٠دا بە دەسەڵاتێکی تا ڕادەیەك وەك عەداڵەت و گەشەپێدان هاتە مەیدان. بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا توانی تەنیا مەسعوود ئیلماز بنێرێتە پارڵمان. هۆیەکەی ئەوەیە کە ئیلماز خەڵکی ئازلازەو لە ترابزۆن دەژی.

پێویستە بگوترێ کە حیزبی دێموکرات، حیزبی لاوان و حیزبی سەعادت و سوسیالیستەکان و حیزبە چووکەکانی دیکە کە نەیانتوانی بە سەر کۆسپی ١٠٪ی دا زاڵ بن، دەنگی پێویستیان نەهێنایەوەو لە ئاکامدا لە مەیدانی هەڵبژاردن چوونە دەر.

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی تورکیە هەڵگری پەیامێکی گرنگ و مانایەکی زۆر بوو کە دەبێ سەرنجیان پێ بدرێ. هەر لە جێدا لە هەموو جیهان دا بە تایبەتی لە تورکیە ڕەسم وابووە کە دەورەیەك لەدەسەڵات دەکرێ هێندێك نارەزایەتیی لە سەر هەبێ کە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانین دیسان ئەمە دەوڵەتی ئەردۆغانی نەگرتەوە. چونکە حیزبی عەداڵەت و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکانی جاری پێشووش سەرکەوتووتر بوو. یەکەم، لەبەر ئەوە بوو کە دەوڵەتی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان بە کارنامەیەکی سەرکەوتووی ئابوورییەوە، پشتی کۆمەڵگەی تورکیەی پاش چەند ساڵ ژیانی دژوارو لە ژێر باری ئاوسانی ئابووریو گەندەڵیی ئیداری ڕاست کردەوە لە ئاسوودەییو ئاسایشی ئابووریدا بە پلەیەك گەیشتوون و بۆ پاراستنی هەوڵ دەدەن. دووەم، کۆمەڵگەی تورکیە موسوڵمانەتیی خۆی سەلماندو ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی - سیاسیی چەند دەیەی ڕابردووی بە شێوەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوای بردە ژێر پرسیارەوەو دەری خست ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە چەند دەیەی پێشوودا کراون لە هەلومەرجێکی ناسك دا بەرەو پێش چوون، تێ نەگەیشتن لە کۆمەڵگەو ڕازی نەکردنی، تەواوی حیزبە نەژادپەرەستە تورکەکانی خستە پەڕاوێزەوە کە هەڵگری بیری لائیسیتە بوون. تەنانەت بەشداریی میلیۆنان کەس لە کۆبوونەوەکانی بەر لە هەڵبژاردنیش نەیتوانی بیانگێڕێتەوە سەر شانۆی دەسەڵات. سێیەم، لە ڕۆژهەڵاتی تورکیەش کوردەکان دەژین. ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەریخست نفووزی حیزبە نەژادپەرستە تورکەکان کە لە ڕابردوودا بەهۆی بەکارهێنانی هێزو بە وەڕێ خستنی ترس و تۆقاندن و جارو باریش بە تەماع وەبەرنان درێژەیان بە دەسەڵاتی خۆیان لەو ناوچەیەدا دەدا، کۆتایی هات. بە گوێرەی قسەی کاندیدای هەڵبژێردراوی شاری شیرناخ بەڕێز حەسیب کاپلان لە لیستی کوردەکان لەمەو بەدوا خەباتی ئەوان دەبێ لە بەرامبەر ئیسلامییەکان دا بێ.

ئەگەر لە گۆشەیەکی دیکەوە بڕوانین سەبارەت بەوەی حیزبی عەدەالەت وگەشەپێدان لە لایەن سوپاوە لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵوەشاندنی هەڵبژاردنی سەرکۆمارو هەروەها لە خۆ پاراستن لە هێرش بۆ سەر عێراق لە ژێر فشار دابوو، بە جۆرێك مەزلومییەتی ئەو حیزبەی نیشان دەدا کە ئەمە خۆی یارمەتیی بەم حیزبە دەکرد. دووەم، ئەردۆغان بە زیرەکییەکی زۆر دەستی کرد بە شانۆسازیو لە پەیوەندی لە گەڵ هێرش بۆ سەر کوردستانی عێراق بە بیانووی سەرکوتی پارتی کرێکارانی کوردستان کەمتر لە حیزبەکانی دیکە گۆنگەڵی ساز نەکردو بە مەبەستی خۆ دەرباز کردن هێندێك وەعدو بەڵێنی بە سوپا دا کە ئەگەر پێویست بێ، هێرش بکرێتە سەر کوردستانی عێراق. سێیەم، لە بواری ئابووریدا سەرمایە جیهانییەکان و کۆمپانییە بیانییەکان بە ئاسوودەییو خۆشحاڵییەوە درێژەیان بە ڕێککەوتن لە گەڵ کۆمپانییە نێوخۆییەکانی تورکیە دا کە پشتیوانی سەرەکیی دەوڵەتی ئەردۆغانن کە ئەمەش توانی یارمەتی بە سەقامگیریو درێژەی بەرنامە ئابوورییەکانیان بدا. ئاکامی ئەوەش دوای هەڵبژاردن بە هۆی زیادبوونی بازاری بورسی ئەم وڵاتە دەرکەوت.

لەم هەڵبژاردنەداو لە ئاستی حیزبە چەپ و ڕاست و نێونجییەکاندا، کۆدەنگییەك و دژایەتییەکی فکری لە بانگەشەی هەڵبژاردن دا بەر چاو دەکەوێ. کۆ دەنگییەکەیان ڕازیبوون بە سنووردار کردنی بەشداریی کوردان کە لە لای بیروڕای نێوخۆییو نێونەتەوەیی وەك سەرچاوەی تێرۆر ناسراونو لە ڕووی سیاسییەوە بەهێز بوونیان بە مانای هەڵوەشانی وڵات دەزانرا. لە خۆڕا نەبوو کە لە کاتی میتینگەکانی هەڵبژاردن دا خاتوو ئایسل توغلوك یەکێك لە کاندیداکانی شاری دیاربەکر ڕایگەیاند دەمانەوێ بچینە پارلمان تا کوو (تورکەکان) بزانن ئێمە جڕو جانەوەر نین. ناکۆکیی بیروبۆچوون لە نێو وڵاتیش دا، نیگەرانییەکی زۆری لە گەشەکردنی ڕادیکالیزمی ئیسلامی کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی تورکیەی گۆڕیوە کردۆتە کێشەیەك لە بواری سیاسیی ئەم وڵاتەدا. هەروەك ئاشکرایە حیزبی عەداڵەتو گەشەپێدان نوێنەری بیری ئیسلامی کە بە هۆی بەڕێوەبردنی وڵات لە چوار ساڵی ڕابردووداو بە باشکردنی وەزعی ئابووری کە لە مێژووی نوێی ئەو وڵاتەدا بێوێنە بووە پرستیژی خۆی بردۆتە سەر. لائیکەکانیش کە خۆیان بە میراتگری سیستمی لائیسیتەی دەسکردی ئاتاتورك دەزانن لە چەند دەیەی ڕابردوودا دەسەڵاتیان بەدەست بوو کە جگە لەوەی کارنامەیەکی باشیان لە پاش بەجێ نەما بەڵکوو لەم قۆناغەدا بە لەژێر پێنانی پێوانەکانی مافی مرۆڤ و بەڵێنی ئیعدام کردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان ئەگەر هاتو دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، ویستیان پێش بە دوورکەوتنەوەی وردە وردەیان لە مەیدانی سیاسیی ئەم وڵاتەدا بگرن.

لە کوردستانو شاری دیاربەکر بە ڕوونبوونەوەی دەنگی نوێنەرانی کورد خەڵك دەستیان بە جێژنو شایی کرد کە لە ڕاستیدا ئەم جێژنو شاییە خۆشترین بیرەوەریی منی زیندوو کردەوە کەبریتییە لە هەڵبژاردنی پارلمانی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩٢دا.

بە هۆی گرنگیی بەشداریی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی داهاتووی تورکیەدا پێم خۆشە زیاتر لەسەری بڕۆمو لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باسی لێ بکەم.

لەم قۆناغەدا کوردەکان بە ٢٢ کاندیداوە بەڵام بە پێکهاتەیەکی مەعقوولو بە بەشداریی کەسایەتییە ناسراوەکانی وەك عوسمان ئۆزچەلیك یەکێك لە کەسایەتییە سیاسییە ناسراوەکان، ئەحمەد تورك لە کەسایەتییە خۆشناوەکانو حەمید گەیلانی ڕاوێژکاری یاسایی حیزبی دەهاپی پێشووو بەشداریی ٨ ژن لە ڕیزەکانیان دا (واتە زیاتر لە سێیەك) تا ڕادەیەك بەرەزامەندییەوە چوونە پارلمان. دیارە دەبێ بڵێین کە سێ کاندیدای "هەزار هیوا" لە شارەکانی ئادانا، مێرسینو هەکاری لە لیستی کوردەکان بە هۆی دەنگی کەم نەچوونە پارلمانو لەم پێوەندییەدا ڕەخنەو نارەزایەتییان لە هەڵبژارنەکان هەیەو ئەگەری هەبوونی فرتو فێڵیان بە دوور نەزانیوەو ڕێگەی چوونە پارلمانیان لێگیرا. یەکێك لە کەموکوڕییەکانی کاندیدا بوونی سەربەخۆش لەوە دایە کە ئەو دەنگە زۆرانەی بۆ کەسێك لە سندووق داویژرێن بە فیڕۆ دەچن، بەڵام ئەگەر بە شێوەی حیزبی بێ، هەموویان حیساب دەکرین.

نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کورد هەرچەند لە بارودۆخێکدا نین کە بتوانن بە هۆی پێکهێنانی ئیئتیلاف لەگەڵ حیزبە سەرکەوتووەکانی سەرانسەری لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا بسازێن بەڵام ئەم ئیمکانەیان لە بەردست دا هەیە کە فراکسیۆنێك لە پارلمان دا پێك بێنن تاکوو گوێگریان بۆ پەیدا بێ. ئەوان دەتوانن کێشەی کورد بکەنە کێشەیەکی پارلمانیو لە ئاستی نێونەتەوەییش دا ئەوان دەتوانن لە ماوەی بوونیان لە پارلمان دا سەرنجی نێونەتەوەیی بۆ لای کێشەی کورد ڕاکێشن. لە لایەکی دیکەوە ڕاکێشانی سەرنجی ئەوان دەتوانێ کێشەی کوردەکان کە بە چاوی تێرۆرەوە سەیری دەکرێ پووچەڵ بکەنەوەو لە لای بیروڕای گشتی مەشرووعیەت بدەن بە ویستو داخوازە نەتەوەییەکانیان. لە لایەکی دیکەوە ئەمانە دەتوانن ئەو وەزیرو بەڕێوەبەرانەی کە لە سەر کارەکانیان سوور نینو گوێی پێ نادەن بانگ بکەنە پارڵمان.

سەرنج ڕاکێش ترین کارێك کە بۆ کاندیدا سەربەخۆیەکانی هەزار هیوا کراوە گوتنەوەی دوو سروود بە هەر دووك زمانی کوردیو تورکی بوو:( بینن بینن بینن، دیموکراسی بینن) کە بە تورکی دەبێتە(گێلیسین گێلیسن، دیموکراسی گێلسین)، کە سەمبولی باوەڕ بە ئازادیو دیموکراسیی ڕاستەقینەی تێدا بەدی دەکرا. ئەو سروودەی کە لەگەڵ کلیپەکەی هەستێکی تایبەتیی لە خەڵك دا پێك دێناو وای نیشان دەدا کە کوردەکان بڕیاریان داوە تاکوو لەبن دەرهێنانی زوڵمو ستەم هەدا نادەن. لە دوایین ڕۆژانی تەبلیغاتیی هەڵبژاردن دا کەسایەتیی ناسراوی کورد خاتوو لەیلا زانا لە میتینگی شاری ئیغدر داوای لە دەوڵەتی تورکیە کرد بە کردەوە دان بە پێکهاتەی فیدراڵی لەو وڵاتەدا بێنێو لە بارەی ناوی کوردستانەوە دا کە گوتنەکەی بە تاوان دەژمێردرێ گوتی: "ناوی کوردستان لە ڕووی سایکۆلۆژی (دەروونناسی)ی کۆمەڵایەتییەوە بۆ کوردەکان ئازار شکێنەو ئەمەش مافی سروشتیی خۆمانە".




## هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلمانی تورکیە

جەعفەر شەریعەتی

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٢ی ژوئیەی ٢٠٠٧ی زایینی لە سەعات ٨ی سە رلەبەیانیی بەکاتی تورکیە دەرگای ئەو شوێنانەی سندووقەکانی دەنگدانی لێئامادە کرابوو بەرووی ٤٢ میلیۆن کەس کە لە ماوەی ئامادەکارییەکانی پێش هەڵبژاردن ناونووسییان کردەبوو بۆ دیاریی کردنی ٥٥٠ نوێنەری خۆیان لە پەرلەمانی ئەم وڵاتە کرانەوە.

هەر پارت و ڕێکخراو و گرووپێکی بەشداربوو لە هەڵبژاردندا بۆ وەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمان پێویستیی بە لەسەدا دەی کۆی دەنگەکان هەبوو.

**ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەم شێوەیە بوو:**

١- پارتی عەدالەت و گەشەپێدان (akp) ٦ /٤٦% لە کۆی ٥٥٠ کورسی، ٣٤٠ کورسی.

٢- پارتی کۆماریی گەل (chp)٢٠/٨%، لە کۆی ٥٥٠ کورسی، ١١١ کورسی.

٣- پارتی حەرەکەتی میللی (mhp) ١٤/٣% ، لە کۆی ٥٥٠ کورسی، ٧١ کورسی.

٤- پالێوراوە سەربەخۆکان (dtp) پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیک ٣/٨%، لە کۆی ٥٥٠ کورسی، ٢٤ کورسی.

بۆ ئاگادایی خوێنەران نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی چەند شاری کوردستانی باکوور ئاماژە بە ناویان دەکرێ:

**دیاربەکر:** لە کۆی ١٠ نوێنەر، ٤ نوێنەری سەربەخۆ، (dtp) پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیکن.

**وان:** لە کۆی ٧ نوێنەر، ٢ نوێنەری سەربەخۆ، (dtp) پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیکن.

ماردین: لە کۆی ٦ نوێنەر، ٢ نوێنەری سەربەخۆ، (dtp) پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیکن.

**باتمان: لە کۆی ٤ نوێنەر، ٢ نوێنەری سەربەخۆ، (dtp) پارتی کۆمەڵگای** دێمۆکراتیکن.

**هەکاری:** لە کۆی ٣ نوێنەر، ٢ نوێنەری سەربەخۆ، (dtp) پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیکن.

**سیرت:** لە کۆی ٣ نوێنەر، ١ نوێنەری سەربەخۆ، (dtp) پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیکن.

**مووش:** لە کۆی ٤ نوێنەر، ٢ نوێنەری سەربەخۆ، (dtp) پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیکن.

**سیواس:** لە کۆی ٦ نوێنەر، ١ نوێنەری سەربەخۆ، (dtp) پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیکن.

**دێرسیم** (تونجەلی): لە کۆی ٢ نوێنەر، ٢ نوێنەری سەربەخۆ، (dtp) پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیکن.

**شیرناخ:** لە کۆی ٣ نوێنەر، ٢ نوێنەری سەربەخۆ، (dtp) پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیکن.

پاش هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان، یەکەم هەنگاوی پەرلەمانی نوێ دیاریی کردنی پالێوراوێک دەبێ بۆ پۆستی سەرکۆماریی وڵات کە واچاوەڕوان دەکرێ پەرلەمانتێرەکانی سەر بە پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیک(dtp) لەگەڵ پارتی دەسەڵاتدار بە تەوافوقێک بگەن، چونکە دوو پارتە ڕەگەزپەرستەکەی دیکە ڕایانگەیاندوە بە هیچ جۆرێک ئامادە نین دەنگ بۆ پالێوراوی پارتی عەدالەت و گەشەپێدان بۆ پۆستی سەرکۆماری بدەن کە دەبێ ٣ لە ٤ی دەنگەکانی پەرلەمان وەدەست بێنێ.

**برووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

کوردستان
adabstan24@yahoo.com
ژمارە: ٤٦٧ (١٤ی گەلاوێژی ١٣٨٦)
ئەدەب و هونەر

## ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین






### ئەمجەد مەلایی (کۆڵنەدەر)

ئەمن کوردێکم زوڵم لێکراو
خاوەنی خاکم بەڵام بەشخوراو
دوژمن پیلانی داییم بەکارە
مەبەستی فەوتان کوردی هەژارە
عیسایی ئەکا بە گژ مووسایی
ئەکا بە ئاگر بەینی برایی
چاوێ هەڵ بێنن دنیا گۆڕاوە
باوی زاڵم و مەزلووم نەماوە
ئەی گەلی کوردم ئەتۆش دەس کەم نیت
بەداخم کە خۆت نازانیت تۆ چیت
کتابچەی ئیسلام نەبووە پەیدا
حکوومەت بوونە هۆزی میدیا
مادام خۆت ناسی نەتەوەی کوردی
کورد، کوردە، جوو بێ، گاور، یەهوودی
دوژمن بێوچان خەریك پیلانە
بۆ لاواز کردنی ئەم کوردستانە
هەورامی و سۆران ئەهێنی بەکار
بە دەستی خۆمان ئەمان دا لەدار
کرمانج و گۆران جیا ئەکاتەوە
ئاوری ناکۆکی گەش ئەکاتەوە
شیعە هات ئەوا بۆ گیانی سوننی
کلیدی بەهەشت ئەکاتە ملی

**هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی "پێشەکی کوردم"ی شەهید ئەمجەد مەلایی (کۆڵنەدەر)**

دە ساڵ لەمەوبەر، ئەو سەردەم کە بەداخەوە شار و ناوچەکانی باشووری کوردستان ببوونە مەیدانی مەیدانداریی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و هەر جارەی تەرمی تێکۆشەرێکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەوتە سەر عەرز، لە پێش نیوەڕۆی ١٤ی ئووتی ١٩٩٧ (٢٣ی گەلاوێژی ١٣٧٦ ) دوو رۆڵەی تێکۆشەر و دوو هونەرمەندی سەودا سەری ئازادی، لە نزیك مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی کەوتنە بەر دەسترێژی چەکی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەهید بوون. ئەم دوو لاوە پێشمەرگەیە بریتی بوون لە "غالب عەلیزادە"و" ئەمجەد مەلایی" (کۆڵنەدەر). هەر دووی ئەم لاوانە خەڵکی مەریوان بوون کە بە نیازی بەشداری لە خەباتی شۆڕشگێڕانە و رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هاتبوونە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەمجەد مەلایی ساڵی ١٣٥٠ لە ئاوایی جانەوەرەی ناوچەی مەریوان هاتبووە دنیا. ساڵی ١٣٧٣ هاتبووە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە هێزی زرێواری مەریوان. پێش ئەوەی روو بکاتە پێشمەرگایەتی، کاری هونەری و ئەدەبیی دەست پێکردبوو. ئەمجەدی جوانەمەرگ لاوێکی بە بەهرە، وێنە کێش، خۆشنووس و ئەدەبدۆست بوو. بەر لە ژیانی شۆڕشگێڕانە، لە پەنا ژیانی شەخسی (کرێکاری)دا، لە کاری هونەری و ئەدەبی غافڵ نەبوو. لە پێشمەرگایەتییش دا شانبەشانی کار و ئەرکی پێشمەرگانە، دەستی بە قەڵەمی لە نووسینی هۆنراوە و کار بە رەنگ و فڵچە و خوڵقاندنی بەرهەمی هونەری، نەدەوەستا. دوا بەرهەمی شانۆیی ئەو دوو لاوە شەهیدە، "دوانزە سوارەی مەریوان" بوو کە "غالب"ی جوانەمەرگ وەك ئەکتەر و "ئەمجەد مەلایی" وەك "طراح صحنه" تێیدا بەشدار بوون. ئەو دوو لاوە راست دوو حەوتوو بەر لە شەهید بوونیان، ئەم بەرهەمەیان لەگەڵ پێشمەرگە هونەرمەندەکانی هاوسەنگەریان لە ژمارەیەك لە بنکەکانی حیزب دا بەرێوەبرد.

هونەرمەندی جوانەمەرگ ئەمجەد کۆمەڵێك تابلۆی وێنەکێشان و نەوارێکی هۆنراوەکانی بە دەنگی خۆی لە پاش بەجێماون. کۆمەڵێك لەو هۆنراوانەشی لە سەردەمی ژیانیدا بە ئیمکاناتی خۆی لە تویێی نامیلکەیەك دا بڵاو کردەوە. لە ١٠ ساڵەی شەهید بوونی ئەمجەدی جوانەمەرگ و غالبی هاورێیدا، چەپکە گوڵی رێز و وەفا لە سەر گڵکۆکەیان دادەنێم و بەدیهاتنی ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانیان کە رزگاریی کوردستان و ئازادیی نەتەوەکەمان بوو، بە ئاوات دەخوازم.

**یادیان بەخێر**

# بۆیاغ

ئەم شێعرە پێشکەش بە منداڵانی سەروو ٢٥ ساڵ
خۆێنەری خۆشەویستی بەشی ئەدەب و هونەری کوردستان:
پێت سەیر نەبێ کە ئەم شێعرە جوانەی خوارەوە بۆچی لەوە پێش لە ژمارەی ٦١ی دونیای "منداڵان"ی پاشکۆی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە و ئێستاش لە دەلاقەی ئەدەب و هونەری "کوردستان" سەری وەدەرناوە. بەراستی ئەم شێعرە هەڵگری راستیەکی تاڵ و خەمێکی قورسە، کە کۆمەڵگای ئێرەی تەنیوە و رۆژانە هەزاران کەس لە شارەکان دا پێڵاوەکانیان بە منداڵانی بۆیاخچی دەسپێرن و بە منەت و بۆڵە بۆڵەوە بڕە دراوێکی دەدەنێ کەچی ئێجگار دەگمەنن ئەوانەی وەك شاعیر بەخەمەوە، لێی وردبنەوە. هەر بۆیەش بە پێویستم زانی منداڵانی تەمەن ٢٥ ساڵ بەرەو ژووریش بیخوێننەوە.



هەموو رۆژێ بەیانی    لەگەڵ بابم هەڵ دەستم
توورەکەی بۆیە و فڵچە و    بۆیاغ دەگرمە دەستم
***
دەچم دەسووڕێمەوە    بە کۆڵان و شەقاما
چاوم لە لاقی خەڵکە    دێن و دەڕۆن بەلاما
***
هەر کەس دێت و رادەبرێ    چاو دەکەم لە پێڵاوی
دڵخۆش دەبم دەبینم    کەوشی پیس و خۆڵاوی
***
خێرا دەنگم هەڵ دێنم    بۆیاغ دەکەم بە هەرزان
پێت جوان نەبوو لەپێی کە    پووڵی ناوێ کاکە گیان
***
ئێوارە و تاریکانە    داشقە بەریز دەوەستن
سێو و هەنار و هەرمێ و    پرتەقاڵ ریز دەبەستن
***
چاویان پێدا دەگێرم    خودایە چەندە خۆشن
پووڵی کیلۆم پێنیە    بەدانەش نایفرۆشن
***
دەرۆمەوە بۆماڵێ    بە ماندوویی و بێحاڵی
دوای من باوکم دێتەوە    بە داشقەو دەستی خاڵی
***
پووڵەکانمی پێ دەدەم    دەستی بە سەرما دێنێ
روودەکاتە دیوار و    شانی هەڵدەتەکێنێ
***
شان و پشتی خۆڵاویی    بە کار کردن چەماوە
چاوی تەڕی دەبینم    کە ڕوو دەکا بەولاوە
***
چاوی پڕلە فرمێسکە    هەناسە هەڵ دەکێشێ
من و خوشکم دەیشێلین    هەمیشە پشتی دێشێ
***
دەنگی نووساوی دایکم    دێ لەو دیوی دەرگاوە
شەوێ میوانمان دەبێ    رۆڵە میوەت هێناوە؟؟؟

ئەمین گەردیگلانی

## شاعیری لاو، رەسووڵ سوڵتانی لە ئێوارە شێعرێکی ئەرخەوانیدا



بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ لەشاری کۆیە، شاری حاجی قادر و بیرمەند و هونەرمەندانی وەك مەسعوود محەممەد و مامە سێوە و تاهیر تۆفیق لە درێژەی چالاکی‌یە هونەری و ئەدەبی و رۆشنبیری‌یەکانی‌دا کە هەموو رۆژانی چوارشەممە بەرێوەیان دەبات، ئێوارەی رۆژی چوارشەممە ١٠ی گەلاوێژی ١٣٨٦ی هەتاوی کۆڕێکی ئەدەبیی بۆ شاعیری لاو رەسووڵ سوڵتانی پێك هێنا.

لەم ئێوارە شێعرەدا کە دەیان کەس لە ئەدەبدۆستان ئامادەی ببوون، شاعیری خۆش زەوق و دڵتەڕ، بەشێکی زۆری لە غەزەلە ناسکەکانی خۆی کە هەڵقوڵاوی هەست و ناخی گەنجێتی و خاوەنی تایبەتمەندیی رۆمانتیکی بوون، بۆ ئامادە بووان خوێندەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆڕە شێعرەدا شاعیری تازە لاو، تروسکە سادقی کورتە شێعرێکی خۆی خوێندەوە کە لەگەڵ پێشوازیی گەرم و گوڕی بەشداران بەرەوروو بوو.

ئەم ئێوارە شێعرە کاتژمێر ٨ی ئێوارە و دوای کاتژمێرێك ژوانی شێعر و جوانی لە نێو گوڵبزەی شادیی ئامادە بووان دا کۆتایی پێهات.

**بڕیار**

**پێی بڵێن شانە نەکا پەرچەمی پڕ پێچ و گرێ**
**ئەوە لانەی دڵی ماندوومە دەبا تێك نەدرێ**
**گەر هەڵۆی چاوی لە سەرباخی ئەوین دێتە فڕین**
**سەری پەنجەی لە دڵی مات و سڵم دادەگرێ**
**بە بزەی سەوزی دەم و لێوی بەهاری گوڵی دڵ**
**تەمی پاییزی لە سەرباخی ژیان لادەدرێ**
**هەموو ژان و خەم و ئازارە وشەی دەفتەرەکەم**
**بۆیە بەو چەشنە دڵی کیژی غەزەل گڕ دەگرێ**
**بە شەپۆلی چەمی ئەسرین لە خەوا رادەپەڕم**
**کە وەکوو بەحرێ بەسەر رووومەتما رادەبرێ**
**دەرکی دڵ دادەخەم و خەم دەرەوێنم لە سەرم**
**کەچی ئەو جارە بەدەستی یەکی‌تر لێی‌دەدرێ**

## دەرهێنەری بەناوبانگی سینمای جیهان کۆچی دوایی کرد

رۆژی ٣١ی مانگی ٧ی ٢٠٠٧ دەرهێنەری بەناوبانگی سینەمای جیهان بەڕەگەز سویدی "ئینگمار برگمانی" لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە شاری ستۆکهۆڵم پێتەختی وڵاتی سوێد کۆچی دوایی کرد.

ئینمگاری ٨٩ ساڵە کە لە دوایین ساڵەکانی ژیانیدا بە تەنیا ژیا نزیك بە ٤٠ ساڵ ژیانی هاوسەری لەگەڵ ژنە ئەکتەری بەناوبانگی هالیوودی (بە رەگەز سوئیدی) ئینگرید برێگمەن بەسەر برد، کە لە ساڵەکانی یەکەمی ناو دەرکردن زۆر کەس وای دەزانی بەهۆی ناز ناوەکانیان ئەمانە خوشك و بران. فیلمی "بانی و کلاید" شاکاری ئەو دەرهێنەرەیە.



**ئەحمەد عەزیزی:**

# پێویستە رۆڵی ژنان و گەنجان لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی دوای کۆنگرەی ١٤دا بەهێز بێ

بەشی دووهەم و کۆتایی

دیمانە: عەوللا بەهرامی

**پ: ئەو قەیرانەی زۆربەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە وەك لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و زۆر لە حیزبەکانی دیکەش دا خۆی دەرخستوە، ئەگەر رێگاچارەی پێویستی (کە ئەویش ریفۆرمە) بۆ نەدۆزرێتەوە، ئاکامی تاڵ و پرخەساری لێدەکەوێتەوە، وەك ئەوە کە چەند مانگ لەمەوبەر لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دیتمان. پێت وایە ئەم ئەزموونەی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەزموونی حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵات زەنگی خەتەرێك بێ بۆ ئەو لایەنانەی نایانهەوێ دان بەو قەیرانە دابنێن و لە بیری ریفۆرم دا بن؟**

و: ریشەی ئەو جناحبەندییە یان کێشەی تەشکیلاتی و تا رادەیەکیش کێشەی فیکری و سیاسییش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانەی لە حدکا دا سەری هەڵدا. رەهبەریی حیزب دەبوا کێشەی دەسەڵات و تەشکیلاتیی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دا بخوێندبایەتەوە و چارەی کردبایە. رێبەرایەتیی حیزب بەتایبەتی لەو ساڵانەی دوای کۆنگرەی 13 ، دیارە ئەمەش ئەو مەعنایە نیە کە قەیران لە کۆنگرەی 13ەوە دەستی پێکردوە بەڵکوو لە کۆنگرەی 13 بەدواوە قەیرانەکە تەشەنەی کردو زۆر زەقتر هاتە ئاراوە، بە پیری ئەو وەزعەوە نەچووە. ئەمەش هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تووشی قەیرانێك کرد کە سەرەنجامەکەی لێکدابڕان بوو. رێبەریی حیزب بەتایبەتی لایەنی زۆرینە لە دوای کۆنگرەی 13 دەبوا پێشوازیی بکا لەو نەزەرو بیروبۆچوونانەی چ لە نێوخۆی حیزب و چ لە دەرەوەی حیزب لەو پێوەندییەدا ئاراستەی حیزب کران سەبارەت بەوە کە حیزب وەك پێکهاتەیەك تووشی قەیران بووە. ئەگەر ئەوان پێشوازییان لە ئۆپوزیسیۆن یان لایەنی بەرامبەری خۆیان نەدەکرد لانی کەم پێشوازییان لە خەڵکانیتر [ کردبا ] کە بەرەوپیری ئەو وەزعەوە چوون کە نیاز بە ریفۆرمیان هێنایە بەر باس. لە راستیدا بە داخەوە رەهبەریی هەڵبژاردەی کۆنگرەی 13 تەنانەت ئەم قەیرانەی بە شتێکی دەستکرد

**گرینگ سیستمێکی نوێیە ئێمە دایمەزرێنین، لەگەڵ سیستمە نوێیەکە کەسانێك بێنە ئۆرگانی بڕیاردەر کە خوازیاری بەجێگەیاندنی ئەو سیستمە نوێیە بن. ئەم کەسانە موجریی ئەو سیستمە بن. هەروەها لەو ئۆرگانەشدا جێگای گەنج و ژنان بەرچاو بێ.**

داناو پێیان وابوو قەیران وجوودی نیە.

من پێم وایە تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو لایەنە ئیعترافی بەوە نەکردوە کە حدکا ئەساسەن تووشی قەیران بووە، ئەگەر نا لە شوێنێك بە شێوەیەکی رەسمی نە لە جەریانی لێك دابڕان و نە دوای لێك دابرانەکەش شتێکی فەرمیان بڵاونەکردۆتەوە، ئەمە جێی داخە. بە بڕوای من ئێستا ئەو لایەنە لە نێوخۆیدا تووشی ناتەباییەك بووە، ناتەبایی بەینی ئەو جەریانە و لەگەڵ بارودوخی سەردەم، لەگەڵ نیازەکانی ئێستا. حدکا لە نێوخۆیدا لە قەیراندا دەژی.

لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان تارادەیەك پێش لێکدابڕانەکە بە دانەدەری هێندێ نووسراوە و قسە و باس و وتار لێرە و لەوێ نەوعێك تەمایولیان بەوە نیشان دا کە ئیعتراف بکرێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تووشی قەیران بووە. ئەگەرچی هۆکارەکەیان زۆرتر دەگێڕایەوە بۆ کێشەی تەشکیلاتی و بۆ ئەو هەڵسوکەوتەی کە زۆرینەی رێبەری کردی لەگەڵ کەمینە و ئۆپۆزیسیۆندا. لە دوای لێك دابڕان دیتمان حیزبی دێموکراتی کوردستان هەنگاو بە هەنگاو زەرورەتی گۆڕانکاری و ریفۆرم لە خۆیدا هێناوەتە بەر باس. حدك هەتا ئێستا بە نووسراوە هەر لە یەکەم هەنگاوی هێڵەگشتییەکان و دوایەش لەو کۆڕو کۆبوونەوە و سمینارانەی کە گرتوویەتی، لەو نووسراوانەی کە بووی، لەو وتوێژانەی لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەری کراوە و بەگشتی لەو کۆبوونەوە نێوخۆییە تەشکیلاتییانەی کە هەیبووە بەرەو پیری ریفۆرم و گۆڕانکاری هاتوون. باس لە ریفۆرم و کار بۆ دارشتنی بنەماکانی ئەو ریفۆرمە ئێستا بۆتە چەمکێکی سیاسی - تەشکیلاتی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا. لە هەر کۆبوونەوە و کۆڕێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا باس لە سەر ئەم دیاردەیە دەکرێ. ئەوە جێی هومێدو دیاردەیەکی پۆزەتیڤە کە حدك باس لە ریفۆرم و گۆڕانکاریی بەشێوەیەکی جدی خستۆتە رۆژەڤی خۆیەوە. لە راستیدا هێندێك هەنگاوی عەمەلییش هاوێژراون، بەڵام هیچ یەك لەوانە ئێستا ئەو هەنگاوە بنەڕەتییە نین کە پێویستە بهاوێژرێن. حیزبی دێموکراتی کوردستان خەریکی خۆ ئامادە کردنە بەرەو کۆنگرە. گرنگترین باسی کۆنگرە هەر لە ئێستاوە باسی ریفۆرم و گۆڕانکارییە لە بەرنامەوپێرەو رێبازی فکری و سیاسیی حیزبدا.

**پ: وەك دەزانی هەوڵی زۆر لە گۆڕێ دایە بۆ ریفۆرم و، رۆژانە لە نێو رێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتدا باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ریفۆرم دەکرێ، لایەنەکانی شی دەکرێتەوە، تاوتۆی دەکرێن و بە گشتی زۆربەی ئەندامانی حیزب ئێستا لەو قۆناخەدا دەرگیری ئەو باس و بیرو ڕا گۆڕینەوە لەسەر ئەو لایەنانەی ژیان و کاری رێکخراوەیی حیزبن کە پێویستە ریفۆرمیان تێدا پێك بێ و لە کۆنگرەی داهاتووش دا پەسند بکرێن. رۆڵی کۆنگرە لەو پێوەندییەدا چۆن دەبێ؟ یانی کۆنگرە دەتوانێ هێندێك بنەمای پتەو دابنێ، یان لە گۆڕینی سیستم و ئیلیتی رێبەریدا دەوری باش بگێڕێ؟ چونکە هەم رێبەرییەکی مۆدێڕن، کارلێهاتوو شارەزاو هەمیش سیستمی مۆدێڕن دەتوانێ حیزبی ئێمە یان هەر سیستمێکی دیکە بگەیەنێتەوە جێگەیەك کە لەگەڵ دنیای سەردەم بیخوێنێتەوە و وەڵامدەری پێداویستییەکانی ئێستای ئێمە بێ.**

و: کۆنگرە لەبەر ئەوەی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و سوننەتەنیش هەروا بووە کە لە گۆرانکاریی بنەرەتی وەك دارشتنی رێبازی سیاسی و بەرنامەی کاری سیاسی - تەشکیلاتیی حیزبدا و پێکهێنانی ئۆرگانی نوێی رێبەرایەتیدا رۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. کۆنگرەی ١٤ی حدك بەتایبەتی لە چوارچێوەی ریفۆرم لە ناوەرۆکی بەرنامە و پێرەو، خوێندنەوەیەکی نوێ لە ساختاری رێکخراوەیی بە تایبەت سنووری دەسەڵاتی رەهبەری، دەتوانێ هەنگاوی جیددی هەڵبگرێ. دەبێ ئۆرگانەکانی رێبەری سەر لە نوێ پێناسە بکرێنەوە. بەڵام کۆنگرە قسەی ئاخر لە هەموو بوارێکدا ناکا. ئەو کۆنگرەیە وەکوو قەراریشە بەو زوویانە بگیرێ ناتوانێ هەموو لایەنەکانی ریفۆرم ئەوەی کە جێی نەزەرە و هەتا ئێستا باسی لێ کراوە چارەسەر بکا. بەڵام کۆنگرە دەتوانێ هەنگاوی زۆر جیددی و بنەڕەتی باوێژێ بۆ ئەوەی کە پرۆسەی ریفۆرم بکەوێتە سەر رەوتی خۆی. کۆنگرە دەتوانێ بنەماکانی ئەو ریفۆرم و گۆڕانکارییانە دارێژێ، چوارچێوەی ئەو ریفۆرمە دیکۆمێنت بکا و لە بەرنامە و پەیرەوی نوێی نێوخۆ یان لە بەڵگەنامەکانی دیکەدا لە پلاتفۆرمی جیادا بیگونجێنێ و لە بەردەم حیزبدا بۆ کاری داهاتووی دابنێ.

کەوابوو کۆنگرە هەموو شتێك چارەسەر ناکا بەتایبەتی کە دێتە سەر هەموو لایەنەکانی ریفۆرم، بەڵام کۆنگرە دەتوانێ پرۆسەی ریفۆرم دیاری بکا. ئەگەر کۆنگرە ئەو کارانە نەکا یانی بنەمایەك بۆ ریفۆرم دانەنێ، گۆڕانکارییەکان تەنیا رواڵەتی و لە هێندێ گۆڕانکاریی بەرتەسك دا



قەتیس بێ، کۆنگرە بەداخەوە نیشانی دەدا کە رەوتی ریفۆرم و گۆڕانکاری لە حیزبدا ناموەفەق و ناتوانێ بچێتە پێشێ. بۆیە کۆنگرە مەیدانێکە، مەحەکێکە. لانیکەم لە کەیسی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەو پێوەندییەدا کە ئێستا باسی گۆڕانکاری و ریفۆرم باسێکی جیددیە هەم لە نێو حیزب و هەم لە دەرەوەی حیزبدا، خەڵکێکی زۆر بە تایبەت تەیفێکی زۆر لە رووناکبیران و خوازیارانی مۆدێرنیزە کردنی حدك چاوەروانی رۆڵی گرینگی کۆنگرەن. بۆیە کۆنگرەی 14ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانێ رۆڵێکی زۆر گرینگی هەبێ.

**پ: چ جۆرە رەهبەرییەك دەتوانێ رێخۆشکەر بێ بۆ ئەم گۆڕانەی پێویستە؟**

من پێم وایە بەر لە گۆڕینی رەهبەری گۆڕینی سیستەمەکە ئەساسیترە. سیستەمێکی وا دابنرێ لە کۆنگرەی 14دا، کە بە تەواوەتی سنووری دەسەڵاتەکان بگۆڕێ، ئۆرگانی تازە بێتە کایەوە، ساختاری حیزب دیسانترالیزە بکا. دێموکراتیزەتر بکا، ئۆرگانی وا پێك بێ کە حیزب بتوانێ کاری ئاگاهانە بکا، بتوانێ پێداچوونەوەی هەبێ. سیستمێکی موشاویرەیی دامەزرێنێ، بتوانێ لە هەموو نیرووەکان، لایەنی گەنج و نیرووی تازە و لایەنی بەتەجرووبە و قەدیمی لە نێو حیزب دا کەڵك وەرگرێ. ئەوەی زۆر گرینگیە لە رەهبەریدا ئەوەیە کە ئەو کەسانە بێنە رەهبەرییەوە، لە ئۆرگانی بڕیار دەردا هەبن کە لایەنگری ئەو سیستمە نوێیە بن، لایەنگری ریفۆرم بن. ئەو شەخسانە دەتوانن کەسانی بە تەمەن و بە تەجرووبەی نێو حیزب بن، دەتوانن گەنج بن، گرینگ ئەوەیە کە بتوانێ تەرکیبێك بێ کە بە باوەڕەوە لە گەل رەوتی ریفورمدا بێ. گرنیگ ئەوەیە لە رەهبەریدا کەسانێك هەبن کە خوازیاری ئیجرای ئەم بنەمایانە بن کە لە کۆنگرەدا بە دکیۆمێنت دەکرێ و پەسەند دەکرێ. دیارە ئەو کەسانەی کە بیرێکی نوێیان هەیە، رووناکبیرن، گەنجن بێنە نێو رەهبەرییەوە گەشبینی زۆرترە، ئۆمید بەوە زۆرترە ئەو رەهبەرییە موەفەق بێ لە پرۆسەی بەرەو پێش بردنی گۆڕانکارییەکاندا. ئەو رەهبەرییە دەبێ دوو شت لە نەزەر بگرێ دوو تەیف، یەك گەنج و جەوانە، خەڵکی تازەیە بەتایبەتی ئەوانەی کە خوازیاری گۆڕانکارین و یەکیش ژنانە بۆ ئەوەی کە بتوانێ تەرکیبێکی وا پێك بێ کە ئەم تەرکیبە خوێندنەوەیەکی نوێی هەبێ لە رۆڵی ژنان و لە رۆڵی گەنجان. چون یەکێك لە لایەنە هەرە لاوازەکانی روانگەی حیزب لە رابردوودا ئەوە بووە کە رۆڵی ئەو لاوان و ژنان بە کەم گیراوە. پرسی ژنان بێ چارەسەر ماوەتەوە و حیزب لە رابردوودا لەوەی کە ژنان بێنێتە نێو مەیدانی حیزبایەتییەوە ناموەفەق بووە. بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا مووەفەق بێ پێویستە ئیمکانی فکری و تەشکیلاتی بۆ بەشداریی ژنان ئامادە بکرێ. پێویستە لە رەهبەریی نوێ، ئۆرگانی بڕیاردەر ئەوە مەیدانە تەنانەت لە رێگای جیاوازیی پۆزەتیڤیش بە ژنان بدرێ بۆ هاتنە نێو ئۆرگانەکانی بریاردەرەوە. پێویستە رۆڵی ژنان و گەنجان لە ئۆرگانی بەڕێوەبەریی دوای کۆنگرەی 14دا بە هێز بێ. ئەمەش بە مانای لە بیرکردنی تەجروبەی کەسانی خاوەن ئەزموون و لە پەراوێز دانانی سەرمایەی ئەزموونی ئەم کەسانە نیە.

کورتی دەکەمەوە گرینگ سیستمێکی نوێیە ئێمە دایمەزرێنین، لەگەڵ سیستمە نوێیەکە کەسانێك بێنە ئۆرگانی بڕیاردەر کە خوازیاری بەجێگەیاندنی ئەو سیستمە نوێیە بن. ئەم کەسانە موجریی ئەو سیستمە بن. هەروەها لەو ئۆرگانەشدا جێگای گەنج و ژنان بەرچاو بێ.

**پ: بەڕێزتان ماوەیەکە لەو گرووپەدا کە لە دەرەوەی وڵات بۆ نووسینەوەی بەرنامە و پەیڕەوی حیزب کار دەکا چالاکیت هەیە. دیارە دەزانی لێرە لە ناوەندی حیزبیش گرووپێکی بەهەمان شێوە پێك هاتوە. تۆ بە گشتی کارەکانی ئەو گرووپەی خۆتان لە دەرەوەی وڵات چۆن دەبینی و تا چەندە چوونەتە پێشێ و چەندە هیواداری کە بەرنامەیەکی پێشکەوتنخوازانە، پێرەوێکی پێشکەوتنخوازانە بۆ حیزبی دێموکرات بەگشتی لە رەوتی کاری هەر دوو گرووپەکە دا دروست بێ؟**

و: لە وڵامی ئەو پرسیارەدا پێم باشە، سەرەتا ئاماژە بەوە بکەم کە هەتا ئێستا هیچ حیزبێکی سیاسیی کوردی و کوردستانی ئەو کارەی نەکردوە، واتە دوو هەیئەت، یەك لە کوردستان و یەك لە دەرەوەی وڵات دابنێ بۆ ئەوەی بەرنامە و پەیرەوی حزبەکە بنووسنەوە. ئەمە دیاردەیەکی بە تەواوی نوێیە لە کاری حیزبایەتی لە کوردستاندا. گرینگتریش ئەوەیە کە ئەم هەیئەتانە بانگەوازیان نە تەنیا لە نێوخۆی تەشکیلاتی حیزب بەڵکوو لە دەرەوەی حیزب و بیروڕای گشتی کردوە کە دەخالەت بکەن و پێشنیار بدەن بۆ بەرنامە و پێرەوێکی نوێ. لە راستیدا هەتا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بیرمەند و خاوەن پێشنیار [لە نێو]ی هاورێیان و دۆستانی حیزب و لە چالاکانی فکری و سیاسیی کورد لە نێوخۆ و وڵاتانی دەرەوە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆیان بۆ ئەو هەیئەتانە ناردوون. دیارە پێشنیارەکان زۆر بە جیددی وەردەگیرێن. ئەوە نیە تەنیا شتێکی تەبلیغی بێ یا فورمالیتە بێ. هەر ئێستا ئەو دوو هەیئەتە هەم لە دەرەوەی وڵات و هەمیش لێرە لە کوردستان خەریکی کۆ کردنەوەی ئەو نەزەرانەن بۆ ئەوەی گەڵاڵەیەکی پێشنیاری بۆ کۆنگرە ئامادە بکرێ.

بەو هیوایە کە ئەحزابی سیاسیی کوردی سەرجەم ئەو پرۆسەیە بگرنە بەرو پێش کۆنگرەکانیان بیروڕای خەڵك و تەشکیلاتەکانیان وەرگرن. ئەم دیاردەیە، دێموکراسیی نێوخۆیی و دەخاڵەتدانی خەڵك لە ریبازی حیزبە سیاسییەکاندا دەباتە سەر. لە لایەکی دیکەوە ئەم کارە کراوەیی سیاسی و شەفافیەت لە حیزبدا بەهێز دەکا. ئەمە یەکێك لە بنەماکانی ریفۆرم و مۆدێرنیزە کردنە. ئەم دیاردەیە مادام باش بەڕێوە بچێ سوودی زۆری بۆ پێگەیاندنی ئاستی سیستمی حیزبایەتی لە حیزبی نەریتییەوە بەرەو حیزبی سەردەم هەیە و بە سوودی بزوتنەوەی کوردە.

لە داهاتوویەکی نزیکیشدا دەست

**من پێم وایە ئەوانەش کە رابردوویەکی دوورودرێژیان هەیە لە کار کردن لەو سیستمەی رابردوودا لەوە ئاگادارن کە بەرژەوەندی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ریفۆرم دایە**

دەکرێ بە نووسینەوەی بەرنامە پێرەوێکی نوێ. دیارە ئێمە بەرنامە و پەیرەوی رابردوو وەك سەرچاوەیەك چاو لێ دەکەین بەڵام هەوڵەکە ئەوەیە کە بەرنامە و پێرەوێکی نوێ بنووسرێ کە گونجاو بێ لەگەڵ نیازەکانی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا. بۆیە من بەش بە حالی خۆم گەشبینم بەوەی کە بتوانین شتێکی نوێ بنووسینەوە.

دیارە ریفۆرم و گۆڕان شتێك نیە هەر وا بە هاسانی و بە بریارێك یان نانەت بە نووسینەوەی گەڵاڵەیەك کۆتایی پێ بێ. ریفۆرمی بنەڕەتی و جیددی وەك ئەوەی لە حدك دا بەڕێوەیە و پێویستی بە پرۆسەیەکە، هەم کاتی دەوێ و هەمیش کۆسپی لەبەردەم دا هەیە. ئێمە درفەتێکی زۆر کەممان لەبەردەست دایە و ماوەی زەمینەسازیی باشمان نەبووە. بۆیە پراکتیزە کردنی ئەو پرۆژانەی بۆ ریفۆرم لە کۆنگرەدا پەسند دەکرێن دەکەوێتە دوای کۆنگرە.

**پ: بەڕێزت ئاماژەت بە کۆسپەکانی سەر ئەم رێگایە نەکرد، بۆیە لێت دەپرسم کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی ریفۆرمی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا لە چ دا دەبینی؟**

و: هیچ ریفۆرم یان گۆڕانکارییەکی جیددی لە حیزبی سیاسیدا ناشێ یا ناکرێ پێك بێ بەبێ کۆسپ. ئەساسەن گۆرانکاری بەبێ کۆسپ مانای نیە. لەبەر ئەوە دیاردەیەك مەوجوودە کە هەتا ئێستا کاری پێ کراوە، تەنانەت لە زۆر بواردا وەك مەسایلی سیاسی و تەشکیلاتی وەك نۆرم جێ کەوتوە، تۆ دەتهەوێ بیگۆڕی، شکڵێکی نوێی پێ بدەی. دیاردەی کولتووری، نۆرمێك کە حاکم بووە، سیستمێکی رێکخستنی کە

بۆ لاپەڕی ١١

# با مێژووی رادیۆی دەنگی کوردستان چەواشە نەکرێ

مەنسوور خوسرەوی

ئەگەر بابەتێکی مێژوویی، یان بیرەوەرییەك، یان نەقڵێك دەخوێنییەوە یان گوێت لێ دەبێ، مرۆڤ پێش هەموو شتێك پێیخۆشە بزانێ ئەو بابەتە، یان ئەو بیرەوەرییە چ کەسێك گێراویەتەوە یان نووسیویەتی، بە تایبەت ئەگەر باسی مێژووی نەتەوەیەك یان باسی مێژووی حیزب دەکرێ کە لە لایەن کاربەدەستانی حاکمەوە نووسراوە. ئەودەم بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن بە کەیفی خۆیان چەواشەکاریی تێدا دەکەنو بە قازانجی خۆیان بای دەدەنو بۆ نەوەی داهاتووی دەگێڕنەوە!.

بۆ من کە ٢٧ ساڵ لە تەمەنی خۆم بۆ خزمەتی رادیۆی دەنگی کوردستان تەرخان کردوە، لە هەر شوێنێك یا هەر گۆڤار یان رۆژنامەو فیلمێك دا کە باسی رادیۆی دەنگی کوردستانی تێدا بێت سەرنج راکێش ترە.

لە بیستو حەوتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان دا بووین کە چاوم بە ژمارە ٤٦٣ی رۆژنامەی لایەنی بەرامبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوت. لە لاپەری ٨ی‌دا وێنەی تاقمێك لە کارمەندانی رادیۆکەی ئەوان سەرنجی راکێشامو پاشان لەو دێڕانەی لاپەڕەکەیان پڕکردبۆوە ورد بوومەوە. بۆ من کە تەمەنی خزمەتم لە رادیۆ دەنگی کوردستان بە قەد تەمەنی ژیانی هێندێك لەو کەسانەیە کە لە سەر مێژووی ئەم رادیۆیە قسەیان کرد بوو، شتێکی سەیر بوو! ئاخر لە روانگەی ئەم کەسانەوە مێژووی حیزبی دێموکراتو شانازی‌یەکانی لەو کاتەوە دەست پێدەکەن کە تاقمەکەیان چارەنووسی حیزبی بەدەستەوە گرت.

پاش سەرەتایەکی کورت وەك دەستپێکی بابەتەکە، چەند پرسیار دێنە گۆڕێ، یەکێك لەوانە کە باسی بەرنامەی" کۆلکە زێرینە" دەکا ـ کە پێم وایە حەقی خۆیەتی چونکە لەوەتی لە ڕادیۆ کار دەکا هەر لە بەرنامەی کۆلکە زێڕنەدا کار دەکا ـ لەباسی دەستبەکار بوونی ئەو بەرنامەیەدا دەڵێ:" ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی بە بڕیاری کۆمیسیونی رادیۆو هەوڵی چەند کەس لە ئەدیبانو شاعیرانی دڵسۆزی رادیۆ بەرنامەی فەرهەنگی، ئەدەبیو هونەریی کۆلکە زێرینە بەرهەڤ کراوە"!. چەند دێر خوارەوەتر ئامارێك دەداو دەڵێ:" لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەی تەمەنی بەرنامەی حەوتووانەی کۆلکە زێڕینەدا توانی ٤٤٤ بەرنامە پێشکەش بە گوێگرەکانی بکاتو خزمەتێك بە ئەدەبو کولتووری نەتەوەکەمان بکات"!. پێویستە بگوترێ یەکەم بەرنامەش ئەو بەرێزە ئامادەی کرد لە ١٣٨٢/٨/٢٨دا بوو. بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی بەرێزی رۆژنامەی "کوردستان"و گوێگرانی رادیۆ دەنگی کوردستان، بەرنامەی "کۆلکە زێڕینە" لە رێکەوتی ١٣٦٨/٨/١٧ دەستی بەکار کردووەو یەکەم بەرنامەی لە نووسینی بەڕێزان کاك قادر وریاو کاك برایم لاجانی بوو. ئەم ساڵ کە ٢٧



ساڵەی دامەزرانی رادیۆمان جێژن گرت، ژمارەی بەرنامەکانی کۆلکە زێرینە سەرجەم گەیشتە ٨١٢ بەرنامە.

پاشان نۆرەی بیرەوەری گێرانەوەی ژمارەیەك لە هاورێیانی پێشووم لە رادیۆی دەنگی کوردستان دێ. ئەمانەش باس لە شتێك دەکەن وەك ئیفتخارو شانازیی پێوە دەکەن، ئەویش ئەوەیە: پاش لەتبوونی حیزب ئەوان توانیویانە بەرنامەی زیندوو بۆ یەکەمجار لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بڵاو بکەنەوە. یەکێکیان دەڵێ:" لە مێژووی ٢٦ ساڵەی رادیۆدا بەرنامە زەبت کراو بووو لە رێگای نەوارەوە بڵاو دەبوو. من لەگەڵ چەند هاورێ‌یەکی دیکە بۆ یەکەمجار لە مێژووی رادیۆدا چووین بێ‌ئامادەیی پێشوو میکرۆفۆنێکمان وەسڵی دەزگای فرستەندە کردو راست لە کاتی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆدا، دەنگی ئێمە لە رادیۆدا بڵاو بۆوە!" پاشان یەکێکی دیکەیان دەڵێ:" زۆر خۆشحاڵ بووم کە بۆ یەکەمجار رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران راستەوخۆ بڵاو دەبێتەوەو ... دوای بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان هەموومان دەستمان بە چەپڵەلێدان کردو ئەو رۆژە هەموومان هەستمان بە سەرکەوتنێکی گەورە دەکرد!"

بە راستی مێژوو ساز کردن هەروا دەبێ! بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی رۆژنامەی کوردستانو ئۆگرانی رادیۆی دەنگی کوردستان. دەبێ بڵێم کە ئەو شانازی‌یەو ئەو ئیفتیخارە لە رێکەوتی ١٣٦٢/٨/٣ واتە ٢٤ ساڵ پێش ئێستا، کاتێك کە رادیۆ لە ژێر تۆپ بارانو کاتیوشا بارانی داگیرکەرانی کوردستان دابووو بە شانی هاورێیانی رادیۆ دەگوازرایەوە بۆ شوێنێکی ئەمن، بەرنامەمان بە شێوەیەکی زیندوو بڵاو کردەوە کە بۆ خۆم وەك بیرەوەری لە ١٠ ساڵەی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٩ باسم کردو گێرامەوە. بۆ ئەمەش هاورێیان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەو کاك تەها عەتیقیو کاك ئەحمەد شێربەگی کە بە خۆشی‌یەوە ئێستاش لە قەیدی حەیات دانو تەمەن درێژی‌یان بۆ بە ئاوات دەخوازم، بە شاهید دەگرم.

لەو وتووێژەدا کە باس دێتە سەر بەرنامەی "بۆ بەختیاریی کۆمەڵ"، نە وتووێژکەرو نە ئەوکەسەش کە لە خودی ئەم بەرنامەیەدا کار دەکا تەنانەت ناوی بەرنامەکەش نازانن‌و هەردووکیان باسی بەرنامەی " بەختیاری بۆ کۆمەڵ دەکەن"!

خۆشتر لەمانەش لە دوایین ستوونی رۆژنامەکەیان دا ( بەر لە ماڵاوایی) کە بنیاتنانو بەردەوامیی ئەم ستوونەش بەرهەمی هەوڵو فکرو هزری هاورێیانی ئێمەیە، دەنووسن:" لە رۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی‌یەوە تا کوو ئێستا.... لە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٨٦ی هەتاوی بەردەوام لە ژێر رەهێڵەی گوللەی تۆپو کاتیۆشاو لە ژێر شەپۆلی ژەهراویی پارازێتی..." لەو پێوەندی‌یەدا دەبێ بڵێم ئەوە ئێمە بووین " رەهێڵەی گوللە تۆپو کاتیۆشا"مان دیت. لەو کەسانەی ئەوان وێنەیان چاپ کردوونو وتووێژیان لەگەڵ کراوە تاقە دوو کەسیان دەنگی تۆپو کاتیۆشای دوژمنیان بیستوە کە یەکێکیان ئەوکات منداڵ بووو ئەوەی دیکەیان ئەو کات لە رادیۆ نەبوو!!

لەوانەش سەرنج راکێشتر ئەوەیە کە بەرێز مستەفا هیجری هەر لە بیستوحەوتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستان لە تیشك تی‌ڤی دا کە باسی رادیۆو بەرپرسایەتی لەو رادیۆیە دا دەکا، بە پێچەوانەی مێتۆدی خۆی لە حیزب دا کە حاشای لە رابردووو پێشینەی تێکۆشەرانی بە ئەزموونو ناسراوی حیزب دەکرد، ئێستا پێشینەو رابردوو بۆ خۆی لە رادیۆدا دروست دەکا، دەڵێ: منیش ماوەیەك بەرپرسی رادیۆ بوومو کارم تێدا کردوەو بە ئیفتیخارەوە باسی دەکا! لەو پێوەندی‌یەش دا دەبێ بڵێم ٢٧ ساڵە لە رادیۆ کار دەکەم قەت کاك مستەفام وەك بەرپرسی رادیۆ نەدیوە! بەڵام لە سەرەتای دەست بەکار بوونی رادیۆ دا بۆ ماوەی کەمتر لە یەك مانگ بێژەری رادیۆ بوو. بەڵام داخوا حەق نیە لەو بەرێزە پرسیار بکرێ کە بۆ لە ساڵی ١٣٨٤ دا کە جێژنی ٢٥ ساڵەی رادیۆ گیرا باسێکی لەو کەسانە نەکرد کە بۆماوەی چارەگە سەدەیەك یان چەندین ساڵ لە رادیۆ دا کاریان کردووەو زەحمەتیان کێشاوە، تەنیا بە تاوانی ئەوە کە لە جیناحی وی نەبوون! بەڵام باسی کەمتر لە یەك مانگ کار کردنی خۆی دەکاو بە ئیفتیخاری دەزانێ، ئەویش نەك وەك بەرپرس!

چەند شتی دیکەی لەم بابەتە سەرنجی راکێشام بەڵام بە هۆی درێژبوونەوەی روونکردنەوەکانم بە پێویستم نەزانی روونیان بکەمەوە.

بەڵێ! ئەم هاورێیانەی پێشوومان نەك هەر لەم بوارەدا بەڵکوو لەتەواوی بوارەکانی دیکەی کاری سیاسیو حیزبیو هاورێیەتی دا بەم جۆرە هەڵسوکەوتو قەزاوەتیان لەسەر هاورێو هاوسەنگەرانی خۆیان کرد. لە لایەك حاشایان لە کارو خزمەتی کەسانێك لە حیزب دا دەکرد کە حاشایان لێ ناکرێو لە لایەکی دیکە کارێکی کەم کە لە دەستیان هاتبێ لە ڕادەبەدەر گەورەی دەکەنەوە. یەکێك لە هۆیەکانی لەتبوونی حیزبی دێموکرات هەر ئەم بۆچوونە ناعادڵانەیە بوو.

# را پۆرتی شیکراوەی لێبووردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە "پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێران"دا

وەرگێڕان بۆ کوردی: تەها رەحیمی

رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی کە ناوەندەکەی لە لەندەنی پێتەختی بریتانیایە، رۆژی هەینی ١٣ی ژوئیە لە راپۆرتێکدا، نیگەرانیی قووڵی خۆی لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بە تایبەت لەو شتەی ناوی ناوە" دەستبەسەر کردنی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، دەرچوونی رۆژ لە رۆژ زیاتر حوکمی ئیعدامو بەردەباران"، راگەیاند.

لێبووردنی نێونەتەوەیی داوا لە بەرپرسانی ئێرانی دەکا تا رێز لە یاسا نێونەتەوەییەکان بگرنو کەس بە هۆی دەربڕینی بیروباوەڕ یان کۆبوونەوەی ئاشتیخوازانە دەستبەسەر نەکەن.

رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە بەردباران کردنی تاکەکان لە ئێران دەربڕیوەو خوازیاری هەڵپەساردنی گشت ئەو حوکمانەو سڕینەوەی ئەو جۆرە یاسایانە بووە.

**دەستبەسەر کردنی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ**

بە پێی راپۆرتی لێبووردنی نێونەتەوەیی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، بەڕێوەبەری رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانو ئیجلال قەوامی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو رێکخراوەیە لە سەرەتاکانی مانگی ژووئیەدا دەستبەسەر کران.

لێبووردنی نێونەتەوەیی دەڵێ محەممەد سەدیق کەبوودوەند رۆژی یەکی ژوئیە لە لایەن پۆلیسی شاراوەو دەستبەسەر کراوەو بە هۆی بڵاوبوونەوەی وتارەکانی لە بڵاوکراوەی راگیراوی "پەیامی مردم کردستان" بە ساڵێك زیندانی مەحکووم کراوە.

ئەو رێکخراوە باس لەوە دەکا، کەئیجلال قەوامی هەواڵنێری "پەیامی مردم کردستان"و ئەندامی دەستەی سەرنووسەریی گۆڤاری "دیدگاە" لە رێکەوتی نۆهەمی ژوئیەدا کاتێك بانگ کرایە دادگای شۆڕشی ئیسلامی لە سنە، دەستبەسەر کرا.

وەك رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی نووسیویەتی قەوامیو بەهۆی رێکخستنی خۆپێشاندانی هێمنانە بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین دژی کوژرانی لاوی مەهابادی شوانە قادری بە دەستی هێزە ئەمنییەتییەکان بە سێ‌ساڵ زیندانی مەحکووم کراوەو داخوازی ئەو سەبارەت بە پێداچوونەوەی حوکمەکەی رەت کراوەتەوە.

لێبووردنی نێونەتەوەیی هەروەها دەڵێ لەوانەیە کە سەعید ساعیدی رۆژنامەنووسێکی کوردی دیکە کە هەر بەو تۆمەتە بە دوو ساڵ زیندان مەحکووم کرا بوو، بە زووی دەسگیر بکرێ.

لێبووردنی نێونەتەوەیی هەروەها سەبارەت بە گیرانی ١٦ خوێندکار لە رۆژی ١٨ی پووشپەڕ بەرانبەر بە هەشتەمین ساڵرۆژی سەرکوتی راپەڕینی خوێندکاران دا راپۆرتێکی ئامادەکرادوە. وەك ئەو دامەزراوەیە نووسیویەتی، بەهارە هیدایەت، سەرپەرشتی "کۆمیسیونی ژنانی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت" لەگەڵ پێنج کەسی دیکە لە ئەندامانی ناوەندیی ئەو رێکخراوەیە بە ناوەکانی محەممەد هاشمی، عەلی نیکونیەتی، مەهدی عەرەبشاهی، حەنیف یەزدانیو عەلی ویفاقی لە بەرانبەر زانکۆی"ئەمیر کەبیر" لە تاران دەستبەسەر کراون.

لێبووردنی نێونەتەوەیی هەروەها دەڵێ کە دە کەسی دیکە لە دەفتەرەکانی رێکخراوی "دانش آموختگان ایران اسلامی" قۆڵبەست کراونو هێزە ئەمنییەتییەکان لە کاتی دەستبەسەر کردنیان دا تەقەی هەواییان کردووەو دەستیان بە سەر




کەلو پەلو کامپیوتێرو بەڵگەکانی ئەو ناوەندانەش داگرتوە.

وەك ئەو رێکخراوە نووسیویەتی عەلیرەزا جەمشیدی، وتەبێژی دەزگای داد، دەسبەسەر کردنی ئەو ١٦ کەسەی پشت ڕاست کردۆتەوەو گوتوویەتی: لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بەشداریی ئەو کەسانە لە کۆبوونەوەی نایاساییەکان دا بەردەوامە.

**خستنە ژێر گوشاری یەکیەتییە کرێکارییەکان**

لێبووردنی نێونەتەوەیی لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەی خۆیدا، هەواڵی دەستبەسەر کرانی مەنسوور ئەسانلوو، سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەریی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبووس گێرانی تارانی راگەیاند.

بە پێی راپۆرتی ئەو رێکخراوە، ئەسانلوو رێکەوتی ١٠ی ژوئیە لە لایەن کەسانی نەناسیاوەوە درا بەر پەلامارو بە زۆریو رەکێش کردن خستوویانە نێو ماشێنەکەیانەوە.

بە پێی هەواڵ، ئوسانلوو ئێستا لە بەندی ٢٠٩ی زیندانی "ئێوین" دایەو ناوبراو پێشتر بۆ ماوەی هەشت مانگ نێوان دیسامبری ٢٠٠٥و ئووتی ٢٠٠٦ ماوەی مانگێکیش لە نێوان مانگی نوامبەرو دیسامبری ٢٠٠٦ لە زیندان دابووە.

**قەمچیو زیندانی کردن بۆ چالاکانی مافی ژنان**

لێبووردنی نێونەتەوەیی سەبارت بە درێژەی سەرکوتی چالاکانی مافی ژنان رادەگەیەنێ کە لانی کەم سێ چالاکی ژن بە هۆی بەشداری لە خۆپێشاندانی ساڵی ٢٠٠٦ کە خوازیاری چاکسازی لە یاسا جیاوازیدانەرەکانی وڵات ببوون بە زیندان مەحکووم کران لە هەواڵێکی دیکەدا باسی "دڵ ئارام عەلی" کراوە کە بە تۆمەتی بەشداری لە خۆپێشاندانە نایاساییەکانو پرۆپاگەندە دژی سیستەم، دادگاە ئەوی بە ٣٤ مانگ زیندانیو دە زەبر قەمچی مەحکووم کردوە.

بە وتەی ئەو رێکخراوە داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، عالیە ئەقدەم دۆست بە سێ ساڵو چوار مانگ زیندانیو بە دە زەبر قەمچیو نەسیم سوڵتانی بەیگییش بە دوو ساڵ زیندان مەحکووم کراون.

رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی دەڵێ ئەو سێ کەسە ئازادنو چاوەڕوانی وڵامی پێداچوونەوەی بە حوکمەکانیانن.

لێبووردنی نێونەتەوەیی دەڵێ: ئەگەر ئەو سێ کەسە زیندانی بکرێن داوای ئازادیی بێ‌مەرجیان بۆ دەکاو ئەو سێ چالاکە بە زیندانیی بیروباوەڕ دەناسێنێ.

لێبووردنی نێونەتەوەیی تەمێ کردنی جەستەیی وەك قەمچی لێدان بە کردەوەیەکی نامرۆییو بێ‌بەزییانەو سووکایەتی پێ‌کردنو ئەشکەنجە دەزانێ.

**ئێعدامەکان:**

لێبووردنی نێونەتەوەیی نووسیویەتی ئێران یەکێك لە وڵاتانی دونیایە کە زۆرترین حوکمی ئێعدامی تێدا بەرێوە دەچێو لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧وە لانیکەم ١٢٠ کەس لەو وڵاتەدا ئێعدام کراونو تا کۆتایی ساڵ ئەو ئێعدامانە دەتوانێ بگاتە ١٧٧ کەس.

لێبووردنی نێونەتەوەیی رادەگەیەنێ کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا کە ئێستا لە نێوراستی داین، ئێران تەنیا وڵاتێکە لە دنیادا حوکمی ئێعدامی مێرمنداڵان دەردەکاو بەڕێوەی دەبا: " ئێمە لە ماوەی ئەو ساڵەدا، لانی کەم دوو نموونەی ئێعدامی میرمنداڵانمان لە ئێران دا تۆمار کردوە، محەممەد موسەوی کە کاتی ئەنجامی تاوان شازدە ساڵە بووو کاتی ئێعدام کردنی لە سەرەتاکانی مانگی ئاوریل دا ١٩ ساڵ بووەو منداڵێکی بەلووچ بە ناوی سەعید قەنبەر زەهی کە لە مانگی مای ئەو ساڵادا لە زیندانی زاهیدان ئێعدام کراو کاتی ئەنجام دانی تاوان ١٦ ساڵان بووە.

لە کۆتاییدا لێبوردنی نێونەتەوەیی باسی بەردبارانی جەعفەر کیانی لە تاکستانی قەزوین دەکاو نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە بەردبارانی "موکەڕەمە ئیبراهیمی" دەردەبڕێ.

رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی داوا لە بەرپرسانی ئێرانی دەکا تا پێوەندییە جنسییەکانی نێوان کەسانی پێگەیشتوو کە بە رەزامەندیی هەر دوولا دروست دەبێ بە تاوان نەژمێرێو بە گشتی حوکمی ئیعدام بسرێتەوە.

سەرچاوە: "رادیو فردا"

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیرورای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بلاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# دەسەڵاتو پرۆسەی چاکسازی

**سابیر قادری**

**پێشڕەوبوونو رادەی شۆڕشگێڕیی حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری رابردووی خۆیو بە تایبەت هەڵەکانی دەکا. حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەبێ هەلومەرجێك بخولقێنێ کە تووشی مەندیو راوەستان نەبێ.**

د.قاسملو

– خۆتەیارکردن بە نوێبوونەوەو نوێکردنەوەی ستراکتۆرو پێکهاتەی سیستەمە جۆربەجۆرەکانو گونجانو ئاوێتە بوون لە تەك سەردەمو هەلومەرجو دەربازبوون لە کولتوورو نۆرمو بەها بەسەرچووەکان هێما پۆزەتیڤەکانی کولتووری پێشکەوتنخوازیو سیستەمە دیموکراتیکەکانە کەلەبەرێکی بەهێزە لەهەمبەر دارمانو ئیفلاسی کولتووریو سیاسیی رێبازە جیاوازەکاندا.

ریفۆرم وەك پرۆسەیەك لە ژیانی سیاسیو حکوومەتداریدا پێوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ چەند پارامیتر هەیە کە بەبێ بوونیان ریفۆرمەکانو لە ئاکامدا سیستەمەکان سەرکەوتن بە دەست ناهێنن. بە ئاماژەکردن بە خاڵەکە دەبێ سەرەتا ریفۆرم لە سیستەمە داخراوو کراوەکاندا بە جیا پۆلینبەندی بکرێن هاوکات هەلومەرجو بەستێنیو کاتیی ریفۆرمەکان، پێکهاتەی گرووپی ریفۆرمیستو وشیاریو ئاگایی کۆمەڵایەتی رۆڵی کاریگەریان هەیە لە سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی ریفۆرمەکاندا.

بە سەرنجدان بەم راستییە کە ریفۆرمەکان لە کاتی پێویستدا لە وڵاتانی رۆژئاوا بوونەتە هۆی بەردەوامیو سەقامگیریی دەوڵەتەکان، لە هەمان کاتدا هۆکارێکی کاریگەربوون بۆ پێشگرتن لە شۆڕشو دارمانی ستراکتۆری سیاسیو ئابووریو هتد. بەڵام لە سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا ریفۆرم لە ئاکامی لاوازیو قەیرانی لەرادەبەدەردا واتە "موضع ضعف"ەوە بەڕێوە دەچنو ئەمە خۆی بەستێنو هەلومەرجی شۆڕشو راپەڕینو لە ئاکامدا رمانی پێکهاتەو سیستەم خۆشتر دەکا. ریفۆرمەکانی سەردەمی گورباچۆڤ لە یەکیەتیی سۆڤیەت رەنگە نموونەیەکی باشی ئەم بابەتە بێت. بە واتایەکیتر نارەزایەتیی لەرادەبەدەری کۆمەڵگا لە ئاکامی زەبروزەنگو بەرتەسك بوونی ئازادییە سیاسیو کولتووریو کۆمەڵایەتییەکاندا سەر هەڵدەدا، دەبێتە هێزێکی نەخوازراوی گوشار بۆ سەر دەسەڵات کە دەسەڵات هان دەدا لە چەمکی رواڵەتیی ریفۆرمو بە شێوەی فۆرمالیتەو دیکۆر بۆ شاردنەوەو کپ کردنی نارەزایەتی، سیمایەکی مۆدێرن بە سیستەم ببەخشێو لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەنگی مەشرووع وەربگرێ.

لە کاتێکدا لە سیستەمە دیموکراتیکەکاندا ریفۆرم نەتەنیا بە واتای رمان، بەڵکوو بە واتای خۆدەربازکردن لە ئاڵۆزیو قەیرانو تۆکمەو پتەوتر بوونی بناغەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگایە. ریفۆرمەکان لەم سیستەمەدا لە "موضع ضعف"ەوە سەرچاوە ناگرن بەڵکوو لە ئاکامی پرۆسەیەکی بەشدارانەیە کە بریتییە لە متمانەی گەل کە یارمەتیدەرێکی بەهێزەو هەروەها [بە واتای] سەربەخۆیی ئەو گرووپە ریفۆرمیستانەیە لەو تاقمو گرووپانەی کە لە رەوتی ریفۆرمدا خەسارمەند دەبنو بەرژەوەندی نیشتمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەك دادەنێن. حاڵەتی پێچەوانەی ئەم بۆچوونە لە جەریانی "٢ خرداد"ی بە ناوریفۆرمیستەکانی کۆماری ئیسلامیدا رەنگ دەداتەوە کە جگە لە بەرژەوەندیی حاکمییەتو بناغەکانی رێژیم ئامانجێکی تری نەپێکا. خاڵێکیتر کە دەتوانێ کاریگەر بێ لە پرۆسەی ریفۆرمدا، چۆنیەتیی سەیرکردنو خوێندنەوەی یاساو ریساکانو تەنانەت کەسایەتییەکانە. "قدسیت"دان بە یاسا دەسکردەکان وەك هێڵی سوور (خط قرمز) سەیرکردنیانو تاك پەرستی، حاڵەتێکی ئیدئۆلۆژیکە کە رێگری سەرەکیی پرۆسەی چاکسازییە، هەرجۆرە دەستێوەردانو دەسکارییەك لە یاساکان بە واتای بەزاندنی هێڵی سوورو چوونەدەر لە بازنەی ئاساییو یاسایی سیاسی سەیر دەکرێ کە تایبەتمەندیی هەرەبەرچاوی سیستەمە زۆردارو کۆنەپەرستەکانە. ئەوە لە کاتێك دایە کە لە سیستەمە کراوەکاندا ئەمە دیاردەیەکی سروشتییەو وەك مافی هاووڵات سەیر دەکرێ کە خۆی دەبێتە هۆی کارامەییو سەقامگیریی سیستەم.

ریفۆرمو پێویستیی چاکسازی ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێ کە گرژیو جیاوازیی لە نێوان بۆچوونەکانو بیرکردنەوەکاندا روو دەداو گرووپی ریفۆرمیست بە کەڵك وەرگرتن لەم کەلێنو بۆشاییە، نە تەنیا بۆ گرتنی جڵەوی دەسەڵات، بەڵکوو بۆ هێنانەئارای ئایدیای نوێو گونجاو کە بتوانێ رێگای دەرباز بوون لە کێشەکان بە جۆرێك کە وەڵامدەری سەردەم بێتو سەقامگیریو "ثبات"ی دەوڵەت ـ نەتەوە دابین بکات گەڵاڵە دادەڕێژێ.

جێبەجێ کردنو پێشکەوتنی گەڵاڵە ریفۆرمییەکان بەندە بە چەند فاکتەرێ: پێداگریی لایەنی ریفۆرمخواز لە سەر بەڕێوەچوونی ریفۆرمەکانو سەربەخۆیی ئەم رەوتە، پشتیوانی یا رێگریی دەسەڵات لە پرۆسەی چاکسازی، قورسایی لایەنی زەرەمەند لە ئاکامی پرۆسەی ریفۆمو پشتیوانیی جەماوەر، هەلومەرجی ناوچەییو نێونەتەوەییو لە هەموویان گرنگتر کولتووری چاکسازیخوازی لە نێو تاکانی دەسەڵاتو نەتەوەدا کە ئەمەش خۆی لە سیستەمە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازیی هەیە.

مانەوەی گەڵاڵەکان، تێۆرییەکانو... تەنیا لە سەر لاپەڕەکانو نەگەیشتنیان بۆ ئاستی کرداری یا بە واتایەکی دیکە سەرنەکەوتنی ریفۆرمەکان، رمان یا لاوازیو نوشستی دەسەڵات لە هەمبەر چاکسازی وێنا دەکات، داخراوبوونی پێکهاتەو سیستەم نیشان دەدا. هەر جۆرە ریفۆرمێك بە واتای پێکهاتەی بەستێنی لەبار بۆ شۆڕشو خێراتر کردنی رەوتی شۆڕشو گۆڕان لە پێکهاتەو ستراکتۆری سیستەمو دەسەڵات لێك دەدرێتەوە. بۆیە شتێکی ناسروشتییە گەر دەسەڵات ریفۆمو چاکسازیی وەك دەرچوون لە یاساو رێساکانو دژایەتیو .. ناو دێر بکا.

هێزو وزەی جەماوەر ئەو فاکتەرەیە کە وەك ئەکتەرێکی کاریگەر لە گۆرەپانو ژیانی سیاسیدا خۆ دەنوێنێو لە سیستەمێکی دیموکراتدا دەگاتە ئاستی "بالفعل"و لە سیستەمی داخراودا سەرەڕای سەرکوت لە حاڵەتی "بالقوه" دایەو هەردەم ئەگەری کرداری هەیە. پشتگیریی جەماوەر لە گەڵاڵە ریفۆرمییەکان بەندە بە رادەی تێگەیشتنو پێگەیشتوویی گەل بە نیسبەت پرسە جۆراوجۆرەکان. هەربۆیە رۆڵی سیستەم لە جۆری پەروەردەو پێگەیاندنی تاکەکاندا کاریگەریی راستەوخۆی دەبێت لە سەر داڕشتنی سیاسەتو ستراتیژییو پرۆسەی ریفۆرمو... هتد.

بابەتی خوازراوی سیستەمێکی داخراو ئەوەیە کە تاکەکان بە جۆرێك سەرقاڵ بکا کە هەستو لۆژیکی بەرژەوەندی نیشتمانو تاك فیدای مەزنخوازیو پاوانخوازیی دەسەڵاتو گەلێگ دیاردەی لاوەکیتر بکا. بە واتایەکی ئاسیمیلەکردنی تاکەکان، گوتاری سیاسەتی کۆمەڵایەتیی ئەو جۆرە دەسەڵاتە پێك دێنێ. لەوەها کۆمەڵگایەك دایە کە کولتووری چاکسازی، لاوازو هەستو لۆژیکی تاکەکان بە نیسبەت پرۆسە جۆراوجۆرەکان نامۆیە. ئەمەش خۆی یارمەتیدەرە بۆ داخراوتر بوونی سیستەم. ئەم فاکتە لە سیستەمی پێشکەوتوودا بریتییە لە: پەروەردەیەکی شیاوی مرۆڤو مۆدێرن کە بتوانێ بۆ وەگەرخستنی تواناکانی تاك بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسیو ئابووریو تەنانەت بریاردانو .... کایە بکا. لەوەها کۆمەڵگایەك دا چاکسازیو بەرەوپێشچوونی ژیانو بەرژەوەندی نیشتمانو تاك دەبێتە کولتوورێك کە هەر تاکێك لە بەرابەریدا خۆ بە بەرپرسی دەزانێ. ئەمە جگە لەم متمانەیەی گەل بە دەسەڵات، کە لەمپەرێکە لەبەردەم دارمانو نوشستی سیستەم، بە واتای بەشداریی گەل بۆ بەهێزکردنی بناغەکانی سیستەمی پێشکەوتووی دەوڵەت ـ نەتەوە کە بەرژەوەندیی گشتیو تاك دابین دەکا. لەوەها سیستەمێك دا ریفۆرم بە واتای چرکردنەوەو هەڵێنجانی ئایدیای گونجاوو سەردەمیانە کە لە خزمەت گەلو نیشتمان دایە، لێك دەدرێتەوە.

سەرکردایەتی یا باشتر بڵێین ئۆرگانە جیاجیاکان لە بەڕێوەبەرییەوە بگرە تا دادوەریو یاسادانان بە گشتی ئەو فاکتەرەن کە رۆڵێکی یەك لاکەرەوە ـ ئەگەر نەڵێین حاشا هەڵنەگر ـ یان هەیە لە ژیانی سیاسیو ئابووریو...دا.

لە سیستەمی داخراودا سەرکردایەتی بە چاوێکی پیرۆزو بێخەوش دەڕوانێتە کارو چالاکییەکانی رابردوو ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بۆ جەماوەر پەسند دەکا. بێ کەمو کورتی نیشاندان، پێهەڵگوتنو پیرۆزکردنی کەسایەتیو یاساو رێساکانو بوونی هێڵی سوور.... کولتووری باوی دیکتاتۆرو پێکهاتەی دیکتاتۆرییەکە ئەوەیە لەودا دەرفەتی، رەخنەگرتنو خۆ "نقد"کردن جێگایەکی لە کولتوورو وێژەیاندا نیە. هەر بۆیە هەر جۆرە ریفۆرمێك بە گاڵتەجارو بەزاندنی پرەنسیپو ئوسوول دادەنرێ. بەڵام لە ساختاری دیموکراتیکدا، سەرکردایەتی وێڕای رێزلێنان لەکارو چالاکیی رابردوو، بە چاوێکی رەخنەگرانە دەڕوانێتە خۆیو کارو تێکۆشان، خاڵی لاوازو بەهێز دەست نیشان دەکاو بۆ نەهێشتنی کەمو کورتیان گەڵاڵەی نوێ دادەڕێژێت. لە ئەساسدا، رەخنەلەخۆگرتنو پەسندی رەخنەکان وێنەیەکی مودێرن لە کولتووری ئەم جۆرە سیستمانەدا پێك دێنن. ئەمە جگە لەوەی کە کولتووری ریفۆرمو پێداچوونەوە بەکاروبارەکان بەهێزتر دەکات ئەگەری هێنانەکایە یا کاریگەریی رێبەرایەتیی پراگماتیك زیاتر دەکات کە باوەڕی قووڵی بە کردارو رەخنەو بەرژەوەندی هەیە.

بە کورتی دەسەڵات ئەو فاکتەرەیە کە بە کولتوور کردنی ریفۆرمو چاکسازیو ریفۆرمخوازی چ لە ئاست تاکەکانی سەرکردە چ لە ئاست کۆمەڵگای پەروەردەو فێرکردنەوە دەتوانێ رێگرێکی یاساییو ئاسایی بێت لە بەردەم شۆڕشدا، لە هەمان کاتدا وەك ئاڵترناتیڤێکی یاریدەدەر بۆ رزگاری لە قەیرانو دەستەبەرکردنی ویستە مۆدێرنو سەردەمییەکانو گەشەپێدانو پەرەپێدانی ئەو هاوبەندیو پێوەندییە دوولایەنەی گەلو حکوومەت دابین بکاتو کۆمەڵگاو ساختاری کۆمەڵایەتیو سیاسی بەرەو سەقامگیریو توکمەیی پتر ببات.

بە کورتی ریفۆرم ئەو چەکەیە لە هەر دوو نیزام، سیستەمی دیکتاتۆرو دیموکراتدا بە هەموو لكو پۆپەکانیانەوە کەلکی لێوەردەگرن، بەڵام ئامانجو ئەنجامەکانی ئەم چەمکە ئەو سنوورەیە کە ئەم دوو سیستەمە لێك جیا دەکاتەوە. پێوەندیی راستەو خۆ لە نێوان ئامانجو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو.... ئاقارو پێکهاتەو چوارچێوەی ریفۆرمەکان دەستنیشان دەکەنو سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنیان گارانتی دەکەن.

# وەڵامێك بۆ سامان فەقێ نەبی



عەلی بەهرامی
Ali_bahrami2000@hotmail.com

ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٤٥٩، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران، بابەتێکی لە ژێر ناوی هەڵسانگاندنی پێگەی حیزبە کوردیەکانی تیادا، بڵاو بۆتەوە، کە باسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و بوونی لە گۆرەپانی جوڵانەوەی کوردستان دا کردوە.

بە پێی ناوەرۆکی بابەتەکە، نووسەری ئەو بابەتەی ناشارەزایانە لە بوون و پێگەی سازمانی خەبات لە کوردستان و بەرنامەی سیاسی و بۆ چوونی دواوە کە ئەگەر هێندێك ئاگاداریی سەرەتایی لە سەر سازمانی خەبات بووە، بۆ ئەوە نابێ هەڵسەنگاندنی لە سەر بکا.

لە روانگەی نووسەردا، گوتاری میللی ـ مەزهەبی، خاڵی بە هێزی سازمانی خەبات بووە کە لە وەڵامدا دەڵێم هیچ کات سازمانی خەبات، ئامانجی بنەڕەتی و هەڵسووڕانی لە سەر خەباتی مەزهەبی نەبووەو جیاوازی دانانی لە نێوان شێعە و سوننیں بە کارێکی هەڵە زانیوە و ئەگەریش باسێکی لە ستەمە مەزهەبیەکان کرد بێ، تەنیا لە چوار چێوەی دەرخستنی ستەمگەریەکان و جیاوازیدانی رژیمی ئێران بووەو بۆ مەزهەب و دینەکان لە ئێراندا بە تێکڕا هەر وەك چۆن باسی ستەم لە سەر هاونیشتمانی ئەهلی حەق، و تێکڕای بیر و بۆچوونەکانی کردوە.

لە روانگەی دووهەمیدا، دەنووسێ.

گوتاری مەزهەبیی ئەم حیزبە (خەبات) بە نەوعێك دواکەوتوویی لە قەڵەم دەدەن. پێداگری ئەم رێکخراوە لە سەر چەمکی مەزهەبی (بە تایبەت مەزهەبی سوننی) بە لادان لە خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێرن.

لە وەڵامی ئەو بۆچوونەشی دەڵێم سازمانی خەبات هیچ کات خەباتی نەتەوەیی تێکەڵ بە خەباتی مەزهەبی نەکردوە و وەك دەر دەکەوێ بەڕێزی ئاگاداری ئەوەش نیە کە سازمانی خەبات زیاتر لە ساڵێکە کۆنگرەی سێهەمی بەستوە و لەو کۆنگرەیەدا ئاڵ و گۆڕی بنەرەتیی لە بەر نامە و پەیرەوی ناوخۆیی دا پێك هاتوە.

ئەو بەڕێزە نووسیویە، کە ئەم رەخنانەی لە خەبات دەگیرێ کە ١ـ خەبات گوتارێکی گشتگیری لە پێوەند دەگەڵ ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت ناوچە شێعەنشینەکانی کرماشان و ئیلام نەخستۆتە روو، کە ئەم بۆچوونەی نووسەری بەڕێز دیسان هەر لە نەبوونی ئاگاداری لە سەر وەزعی کوردستان و هەڵسووڕانی سازمانی خەبات لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان سەرچاوەی گرتوە، دەنا دوژمنانی سازمانی خەباتیش دەزانن، سازمانی خەبات لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و شاری کرماشان و دەوروبەری هەڵسووڕانی هەیە و چەندین کادر و پێشمەرگەی خەڵکی ناوچەی کرماشانن و چەند رۆڵەی فیداکاری کرماشان و دەوروبەری لە ریزی سازمانی خەبات دا شەهید بوون.

لە روانگەی دووهەمیدا، نووسیویە بەرتەسك مانەوەی کاریگەری و نفووزی ئەم رێکخراوە لە بیاڤ و ناوچەیەکی بەرتەسکی کوردستان بەتایبەت ناوچەی بانە. ئەو بۆچوونەی نووسەری بەڕێز لە پروپاگەندەی نەیارانی سازمانەوە سەرچاوەی گرتوە کە ٢٧ ساڵە لە بەرانبەری دەکرێ، کە یەکێك لەو پروپاگەندە ناراستانە، هەوڵ بۆ نیشان دانی سازمانی خەبات، و مەودای هەڵسووڕانی لە ناوچەیەکی دیاری کراودا بووە. لە وەڵامی ئەو بەڕێزەدا، دەڵێم، بە خۆشییەوە سازمانی خەبات لە تێکڕای ناوچەکانی کوردستان هەڵسووڕانی بەرچاوی هەیە و ئەگەریش زەحمەت بە خۆی بدات، "تێکۆشان" ئۆرگانی سازمان بخوێنێتەوە دەبینی لە ورمێ، مەهاباد و بۆکان، پیرانشار، سنە هەڵسووڕانی سازمانی خەبات، چەندە بەرچاوە، تەنانەت ئەگەر لە دەوروبەری خۆی پرسیار بکا ئەو راستیەی بە باشی بۆ دەردەکەوێ.

لە خاڵی چوارەمدا باس لە جیابوونەوە لە سازمانی خەبات دەکا، بۆ ئاگاداریی ئەو بەڕێزە، رۆیشتنی ئەو بەڕێزانە لە سازمانی خەبات بیست ساڵی بە سەردا تێ پەڕیوە و، ئەوە مەوزوعێکی نوێ نیە تا لە سەری بدوێن، بەتایبەت مێژووی بەیەکەوە بوونمان لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی لە سازمانی خەبات رۆیشتوون، نزیك بە بیست ساڵی بە سەردا تێ دەپەڕێ، کە وایە ناکرێ ئەوە وەك خاڵێکی لاواز لە سەر سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بژمێردرێ بۆیە باس کردن لەو رووداوە بێجگە لەوەی مەبەستێکی ناحەزانەی تێدا بێ هیچی دیکە نیە.

هەروەها نووسیویە راگەیاندنی سازمانی خەبات سواوە، لە وەڵامدا دەڵێم راگەیاندنی سازمانی خەبات نەك نەسواوە و کۆن و دووبارە نیە، بەڵکوو تازەیی و سەردەمیانەیە و بە پێی قۆناغەکان و هەل و مەرجەکان، شیاوتر و بەناوەرۆکترن. بەڵگەشم بۆ ئەو راستیە، یەکەم بڵاوکراوەکانی سازمان خوێنەری زۆری هەیە، ماڵپەڕی سازمان، جەماوەرێکی بەرچاو لێی دەڕوانێ و دەنگی خەباتی کوردستان تامەزرۆی زۆر و گوێگری بەرچاوی هەیە.

ئەوەی لە کۆتاییدا پێویستە بەو بەڕێزە بڵێم، باشتر وایە لە نزیکەوە و بە وردی لە سەر سازمانی خەبات لێکۆڵینەوە بکات و ئەوەش بزانێ سازمانی خەبات لە ساڵی ١٣٥٩ لە کوردستانی ئێران دا و بە بێ بوونی پشتگیریی هیچ دەوڵەت و هیچ هێز و لایەنێك دامەزراوە و، سەربەخۆیی تەشکیلاتی و سیاسیی خۆی پاراستوەو لە داهاتووشدا، دەی پارێزێ و هێزێکی سیاسیی ئەوتۆیە کە رەوا نیە، ئەو بەڕێزە، بەو ریزبەندیە، و بەو نەوعە بۆ چوونە نا دۆستانە لە سەری دواوە.

ئەگەر پرسیاری لە دەور و بەری خۆی بکردایە بۆیان روون دەکردەوە، سازمانی خەبات، ٢٧ ساڵە کەند و کۆسپە جۆراجۆرەکان تێ دەپەڕێنێ و، تەنانەت بە (غوددەی) سەرەتانیش ژمێردراوە و هەوڵ بۆ لە ناوبردنی دراوە، بەڵام خۆراگری و نەبەزیی سازمانی خەبات، هەموو پیلانەکان و هەوڵەکانی بۆ لە ناوبردنی، پووچەڵ کردەوە و ئێستا، هێزێکی نیشتمانی و سەرەکیی کوردستانە و دۆست و دژمنیش ئەو راستیە دەزانن، هێزێکی سەرەکیە لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

# جیاوازیی نێوان ژنانی نەریتی و ژنانی مۆدێرن



یەکێك لە گرنگترین و بنەرەتیترین کێشە قەیران خولقێنەکانی بەرەوڕوو بوونەوەی نەریتخوازیو مۆدێرنیزم لە ئێراندا لە سەرەتای گەشەسەندنی نوێخوازی لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی هاوکات لەگەڵ ڕووداوی لابردنی سەرپۆش واتە حیجاب، هەڵسوکەوت یان بەرەوڕوو بوونەوەی ژن و پیاوە.

بەم پێیە لە پرۆسەی سکۆلاریزاسیۆن و نوێخوازی لە بیاڤەکانی گشتیو تایبەتیدا، چۆنیەتیی دۆزینەوەی ڕێگەی هاتنە دەر لە پارادۆکسەکانی نێوان ژن و پیاو بە یەکێك لە گرنگترین هەڵکشانەکانی ئێرانی ئەوڕۆ دەژمێردرێ. لەم بابەتەدا هێندێك لە لایەنەکانی دژایەتیو دۆخی پارادۆکسیکاڵی ژنان لە کۆمەڵگای ئێران دا دەناسێندرێو بایەخی پێ دەدرێ.

١ـ لە ڕووی حەشیمەتەوە: زۆربەی ژنانی نیشتەجێ لە دێهاتەکان و بەشی نەریتی شارەکان لە ژنانی دینیو نەریتی پێك هاتوون. لە لایەکی دیکەوە مەکۆی ژنانی سەر بە چینی نێوەنجی، لە شارە گەورەکانە کە دیارە خوێندەواری قۆناغی بەرزن و لە کەمایەتیدان و لە ژنانی مۆدێرن پێکهاتوون. ئەو ڕێژەیە بە پەرەسەندنی شارنشینی واتە هاتنی گوندییەکان بۆ شارەکان، هەڵکشانی داهاتەکانی دراوی بیانی بە هۆی فرۆشتنی نەوت و گەلاڵەکانی گەشەی کۆمەڵایەتیی بەرنامەڕێژیکراو لە سەردەمی پەهلەویی دووەمدا وردە وردە گۆڕانکاری بە سەر دا هات و ڕادەی زۆرینەی ژنانی نەریتی هاتە خوارێو کەمینەی ژنانی مۆدێرن لەو نێوەدا چووە سەرێ. ئەو پرۆسەیە لە ساڵەکانی دوای شۆڕشی ئێران سەرەڕای گوێنەدان و کەمتەرخەمیی سیاسەتدانەران و بەرنامەداڕێژانێك کە بەپێی بیروباوەڕی نەریتیو دینی بۆ کەمکردنەوەی ئەرك و بوونی ژنان لە کۆمەڵگادا بوون بە هۆی جێگیربوونی هێندێك لە پێکهاتە بنەرەتییەکان لە کۆمەڵگادا درێژەی بە ڕەوتی گەشەی خۆیدا. لە دەیەی هەفتادا هاوکات لەگەڵ هاتنی بەرەی مێرمناڵ و گەنجی لە دایکبوو لە ساڵەکانی یەکەمی شۆڕشدا ڕادەی ویست و داخوازەکانیان چووە سەرێ.

٢ـ لە ڕووی تەمەنەوە: بەشێکی زۆر لە بەرەی گەنج و بە ساڵاچووی ناوچە ئاوەدانکراوەکانی دێهات و قەراغ شارەکان لە ژنانی نەریتی و بەشێکی بەرچاوو گرینگ لە ژنان و کچانی خوێندەوارو مێرمنداڵو گەنجی بەرەی نوێ یان بەرەی سێیەم و چوارەم کە بە ڕێوەن، ژنی نوێخواز پێك دێنن.

پێکهاتەی هیرەمی(قووچەك)ی تەمەنی ئێران لە ساڵەکانی دوای شۆڕش بە هۆی گرینگی پێنەدانی سیاسەت دانەرانی دەوڵەت لە لایەك و کۆی بنەماڵە ئێرانییەکان بە تایبەت لە بەشی لادێیی لە لایەکی دیکە ڕێخۆشکەری دەرکەوتنی دیاردەیەك بەناوی ئاوسانی حەشیمەت بوون. ئەو ئاوسانە ئەو منالانە دەگرێتەوە کە لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٥٧ـ١٣٦٧ هەتاوی واتە لە شۆڕشەوە تا تەواو بوونی شەر، لە دایك بوونو لە قۆناغی دواتردا پێیان ناوەتە تەمەنی سەرووترو شەپۆلێك لەو مێرمندالو گەنجانە لە خۆ دەگرێ کە بەهۆی نەبوونی بەرنامەڕێژیی دەوڵەتو میللەت، لە ژێر کاریگەری پەروەردەو بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیی پەیوەندیی وەك، ڤیدیۆ، سەتەلایت، ئینتەرنێتو بەرهەم گەلی دەنگو ڕەنگی سەنعەتیی فیلمو سینەما ویستو داخوازی نوێ دێنێتە گۆڕێ.

٣ـ لە ڕووی چینایەتییەوە: بەشێکی گرینگ لە ژنانی نەریتی - دینی لە نێوان چینو توێژەکانی وەك وەرزێران، کرێکارانی شارەزاو ناشارەزا، کارمەندانی بەشی خزمەتگوزاری لە ڕووی پیشەوە لە نێوان ژنانی ماڵدار بڵاو بوونەتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕادەیەکی گرینگ لە ژنانی نوێخواز لە نێوان چینی نێونجیی شاری، کارگێرانی بروکراتیو تەکنۆکراتی دەوڵەتیو کەرتی تایبەتیو زانکۆدان.

٤ـ لە ڕووی بیرو مەعریفیەوە: ژنانی نەریتیو دینی بەپێی دۆخی باسکراو زۆربەیان پێکهاتوو لە ژنانی موسڵمانی دەمارگرژ، نەخوێندەوارو کەم خوێندەوار، قەدەرخواز، گوێرایەڵو زوڵم لێکراو لە لایەن باوكو پاشان مێرد، لاساییکەر، خۆرافاتی،و باوەڕ بە سێحرو جادوو،و میعاد خوازو تەرکە دنیان. بەڵام ژنانی نوێخواز پێك هاتوون لە زۆربەی ژنانی ئازادبیر، سکۆلاردنیاخواز، یەکسانخواز لەگەڵ پیاوان، خوێندەواروزانکۆ دیتەن. دژ بە زوڵم، سکۆلارو بەدوور لە دەمارگرژیە دینیو مەزهەبیەکان.

٥ـ لە ڕووی سیاسیەوە: ژنانی گرووپی نەریتی خاوەنی کردەوە گەلێکی وەك ملکەچیو خۆ دوور خستنەوە، بێ بیرۆکەیی سیاسیو پیرەوی لە ئیدۆلۆژیگەلێکی چەقبەستووو کاریزمایە پەرست وەپیاوساڵاریو لە چوارچێوەی ئۆمەت دان. لەولاشەوە ژنانی نوێخواز، بەشداریکەر، غەیرە ئیدۆلۆژیكو سەربەخۆییخواز، وشیار لە سیاسەت داو دیموکراتنو یەکسانخوازنو لە مافی کۆمەلایەتی کەڵك وەردەگرن.

٦ـ لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە: ژنانی نەریتی زۆربەیان پابەندی بنەماڵەن، خزم پەرست، تەریك کەوتووو بە تەنیاو غەیرە کۆمەڵایەتین، خزمدۆستو ئۆگر بەکاری ماڵەوەن، خۆ جوان دەکەن بۆ پیاوانو ئاگایان لە مێردیانەو منداڵیان زۆر دەبێ.

بە پێچەوانەی ئەوان ژنانی نوێخواز زۆربەیان کۆمەلایەتی، نەتەوەخواز، تاکخواز لە ڕووی سوور بوون لە سەر مافی کۆمەلایەتی، کۆمەڵخواز، هەڵبەت پشت ئەستوور بە شوناسی کۆمەڵیو بەدوور لە بازنەی تەسکی خزمایەتین.

٧ـ لە ڕووی ئابوورییەوە: ژنانی نەریتی بێ داهاتو بەستراوە بە باوك یان مێرد، نا شارەزاو بێ زانستنو ژنانی مۆدێڕن بە هۆی کەڵك وەرگرتن لە زانست، شارەزاییو پسپۆری خاوەنی داهاتنو سەربەخۆیی بۆچوونو کردەوەیان هەیە.

*درێژەی*

# وتوویژ لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد عەزیزی

حاکم بووە، ڕوانگەی فیکری کە تا ئێستا عادەتی پێ گیراوە ، بە یەك شەوە و بە یەك ڕۆژە ئاستەمە لابچێ. ئەم دیاردانە هەروا بە هاسانی لاناچنو سەرئەنجام دەبنە کۆسپ. بە واتایەکی تر نۆرم و کۆدی زاڵ بەسەر هەڵسوکەوتو هزری ئێمەدا، بەسەر سیستمی تەشکیلاتیدا بە ئاسانی لا ناچێ. لە بەر ئەوەی لە پرۆسەیەك دا پێك هاتوون لاچوونیشیان پێویستی بە پرۆسەیەکە. کە وابوو ریفۆرم کە دێتە کایەوە خوازیاری گۆڕانکارییە لەو شتەی کە تا ئێستا مەوجوود بووە، هە ربۆیە تووشی ئەو کۆسپە دەبێت. ئەو کۆسپە بە واتایەکی تر خۆراگریی شتی کۆن لەبەرانبەر شتی نوێدا، شتینوێ بۆ گۆڕانکاری، شتی کۆن بۆ پارێزگاری لە خۆی، ئەم ناتەباییە کۆسپە. کە وابوو کۆسپ هەیە هەریەك لە ئێمە بە نەوعێك پابەندین بە هێندێك نۆرم و کولتووری ڕابردوو و کۆنەوە کە عادەتمان پێ کردوون. ئەمە کۆسپی سەرەکی و ئەساسییە کە بۆ ریفۆرم لە ئارا دایە. لایەنێکی تر ئەوەیە کە هەرکەس لە دیدگای بۆچوونی خۆیەوە خوێندنەوە لە ریفۆرم دەکا، کەوابوو خوێندنەوە لە ڕادەی گۆڕانکاری و ریفورمیش جیاوازە لە بەینی تاکەکاندا. خوێندنەوەی "ئا" لەگەڵ "ب" دا ڕەنگە فەرقی هەبێ، "ئا" خوازیاری ریفۆرمێکی قووڵترە، لە کاتێکدا خوێندنەوەی "ب" لە ریفۆرم کەمرەنگترە. "ب" ڕادەیەك دەبێتە کۆسپ لە بەرامبەر "ئا" دا . ئا زۆر توند پێدادەگرێ کەچی "ب" نەرمونیانترە. کەوابوو خوێندنەوەی جیاواز لە ڕێفۆرم دەتوانێ بەوە تەعبیر بکرێ کە کۆسپ هەیە لە بەینی خوێندنەوە جیاوازەکان دا لە ئاست گۆڕانکاریو ریفۆرمدا.

کە وابوو ئینکاری ئەوە ناکرێ کە خەڵکانێك هەن هەم لە ڕادەی ڕێبەریو و هەمیش لە نێو تەشکیلاتی حیزبدا کە بە پێی لێکدانەوەی خۆیان نیازو سنووری ریفۆرم دەبینن. ئەوانەی سنوورێکی بەرتەسك بۆ گۆرانکارییە بنەرەتییەکان دادەنێن بە زەحمەت ڕەگەڵ ڕەوتەکە دەکەونو لە بواری جۆربەجۆردا بێ مەیلی نیشان دەدەن. کەسانی واش هەن کە بە پێی خوێندنەوەی خۆیان ریفورم لە ڕادەیەکی قووڵدا بە قازانجی خویان یان بە قازانجی حیزب نازانن. بە بڕوای من ڕێفۆرمێکی لۆژیك، کە وڵامدەری وەزعی ئێستا بێو لە پرۆسەیەکدا جێبەجێ بکرێ بە قازانجی هەموو لایەنەکانی نێو حیزبە، بە قازانجی کوللی پێکهاتەکەی حیزب تەواو دەبێ. ئەو خەڵکانەش کە تەنانەت هێندێ پارێزگارو دیدێکی پاراستنی سیستمی ڕابردووشیان تێدامابێو خەڵکانێکی کە بیانهەوێ ڕادیکاڵ گۆڕانکاری پێك بێنن لە درێژخایەن زەرەری تیدا ناکەن. لە بەر ئەوە تەرکیبێك لەوانە دەتوانێ ڕێفۆرمێکی مەنتقی ئیجاد بکا. بەو مەعنایەی کە بێشك کۆسپ هەیە لە سەر ڕێگەی ریفۆرم بەڵام گرینگیش ئەوەیە کە ئێمە خوێندنەوەیەکی واحیدمان لە ریفۆرم هەبێ. ریفۆرم کارێکی ئاسان نیە، هەوڵدانێکی یەکجار زۆری دەوێ. ئەمن خۆشبینم بەوەی کە خەڵکێکی زۆر لە نێو تەشکیلاتەکاندا هەیە، کۆمەڵێك خەڵکی گەنجو بەتواناو ڕووناکبیر هەیەو کۆمەڵێك خەڵکی ترمان هەیە کە بە تەجروبەن هەموو ێ پێکەوە دەتوانین ئەم پرۆسەیە بەرینە پێش . من پێم وایە ئەوانەش کە ڕابردوویەکی دوورودرێژیان هە یە لە کار کردن لەو سیستەمەی ڕابردوودا لەوە ئاگادارن کە بەرژەوەندی حیزبو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ریفۆرم دایە. هەر بۆیە گەشبینم کە ئەوانیش خۆ لەگەڵ ڕەوتەکە تەتبیق دەدەن.

لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە دەبێ خۆبپارێزین لەوەی کە چاوەڕوانیی گۆڕانی زۆر ڕادیکاڵ هەبێ لە ماوەیەکی کورتدا. چونکە ئەوەش بۆخۆی دەتوانێ زیانی خۆی هەبێ. هیوادارم هێندێ دیدگای شەخسی وا نەبێ کە ریفۆرمەکە نەزۆك بێ، ریفۆرمەکە ناکام بێ، چون ئەگەر ئەم ریفۆرمە، ئەو ڕەوتە شکست بخوا کوللی پێکهاتەی حیزبی تووشی شکان دەبێ، تووشی زەرەر دەبێت. بۆیە هیوادارم بە هەموو لایەك هەوڵ بدەین کە تێگەیشتنێکی دروست لە ریفۆرم لە هەموو پێکهاتەکەدا پێك بێ. پێویستە خۆ لەوە بپارێزرێ کە لایەنگری ریفۆرمو موخالیفی ریفۆرم پێك بێ.

بە پێچەوانە هەوڵ بدەین کە کوللی پێکهاتەکە لەگەڵ ئەم ڕەوتە بکەوێ کە دیارە ئەمەش کارێکی ئاسان نیە. ئەوەی ئێستا بە خۆشییەوە لە نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی زاڵو هەمەلایەنەی لەسەرە باسی ریفۆرمە. بەرژەوەندی بزووتنەوەی کوردو حدك ئەمە ئەخوازێ کە هەوڵ بدەین کۆسپەکان هەموار بکەینو هەموو پێکەوە یارمەتی بدەین کە ئەم ریفورمە سەرکەوتوو بێ. سەرکەوتنی حدك لەم ئەرکەدا دەتوانی مودێلێك بێ بۆ حیزبە سیاسیەکانی دیکەی کوردیش هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم بە شێوەیەکی گشتی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا



## بەستراوەیی

## Dependence

جۆرێکە لە دۆخی بندەستی. فیمینیزم بەستراویی ژن بە پیاوی ناوێ . سیمون دوبوار لە [ کتێبی "ڕەگەزی دووهەم" (١٩٥٣)دا دەڵێ کێشەی ژن، پێویستی بە پیاو بۆ کاملڵکردنی "بوون" (وجود)یەتی، ئەمە لە حاڵێك دایە کە پیاوان لە باری کۆمەڵایەتییەوە سەربەخۆن. ماری دەیلی دەڵێ بەستراوەیی، واتای وشە گەلی وەك "خوشك"، "دۆست" یا "خۆشەویست"ی تێکەڵ بە شتی دیکە کردوە.

بیردۆزی بەستراوەیی، زاراوەیەکە کە ئەو فیمینیستانەی لەسەر نەریتی مارکسیستی - قوتابخانەی سەرەکیی تیۆریی مۆدێرن کردن - دەڕۆن، بە کاری دێنن، بۆ ئەوەی ئەزموونی ژنان لە [ ڕەوتی] سەنعەتی بوون دا ڕوون بکەنەوە. لە جیهانی سێهەم دا، کاتێك سەرچاوەکانی داهاتی ژنان (وەك کاری کشتوکاڵیو پیشە دەستییەکان) بەبێ بایەخ دادەنێن، ژنان پتر بە پیاوان دەبەسترێنەوە، پیاوانێك کە، بە نۆرەی خۆیان بۆ مانەوەی بەستراوەیی پتر بە کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان، دروست دەبن (Nash Fernandez, 1983).

"جین بیکێر مێلێر"ی دەروونناس لە سەر ئەم ڕایەیە هێندێك لەو تایبەتمەندییانەی جاروبار بە خاڵی لاوازی ژنان دادەنرێن، دەتوانن ببنە خاڵی بەهێزی ئەوان. ناوبراو بۆچوونی ئەو فیمینیستانە دەداتە بەر ڕەخنە کە پێیان وایە هەر فۆرمێك لە بەستراوەیی بە کەسانی دیکە، هەڕەشەیەکە بۆ سەربەخۆییو ئازادیی کردەوە (J.b.Miller,).

**سەرچاوە: کتێبی: نظریەهای فیمینیستی"**

# لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 467 5 Aug 2007

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ۰۰۹۶۴۷۷۰۱۹۰۱۶۵۸

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268


بەر لەماڵاوایی

## لە دایك بوونی کورد کاناڵ و دیمەنێکی دیکە لە دڵاوایی پێشمەرگانە

عەولا بەهرامی

ڕەنگە زۆر جار کە باس لە پێشمەرگە دەکرێ بە خێرایی وێنای مرۆڤێکی چەکبەدەستمان لە زەین دا دروست بێ کە هەمیشە ئامادەی گیانبازیو فیداکارییە لە پێناوی ئامانجەکانی خاك و نەتەوەکەیدا، بەڵام من پێم وایە ناهەقییە گەورەییو دڵاوایی پێشمەرگە تەنیا لەم لایەنەدا کورت بکەینەوە. چونکە ئەمە ڕەنگە لە لایەك پێناسەی پێشمەرگە بەرتەسك بکاتەوەو زۆر مرۆڤی تێکۆشەر کە لە بواری جۆراوجۆردا خزمەت بە بەرژەوەندییە گشتیو نەتەوەییەکانی کوردستان دەکەن لە چوارچێوەی پێناسەی پێشمەرگە دەرباوێ. لە لایەکی دیکەشەوە ڕێگە لە گونجانی زۆرێك لە خزمەتەکانی دیکەی پێشمەرگە بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردو کوردستان لە ریزی ئەرك و خزمەتەکانی پێشمەرگە دا بگرێ. بۆیە من پێم وایە هەر نیشتمانپەروەرێکی کورد لە هەر جێگایەکی ئەم جیهانە بە قازانجی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەکەمان کار بکا بە پێشمەرگە دەژمێردرێ.

دیمەنێك کە ڕۆژی چوارشەممە ٣ی گەلاوێژ لە یەکێك لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌داو لە پەراوێزی کۆبوونەوەیەکی کادرو پێشمەرگەکان دا پێك هات لە لایەك سەلمێنەری ئەم پێناسەیەیەو لە لایەك بە نیشانەی ئەوپەڕی دڵاوایی‌و گەورەیی ریزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات دەژمێردرێ.

لە بەشی کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا دوای ئەوەی بە بۆنەی دەستپێکردنی بەرنامە ئەزموونییەکانی تەلەڤیزیۆنی کورد کاناڵ باسێك هاتە گۆڕێ‌و باس لە پێویستیی هاوکاریی ماڵی بۆ کاراتر کردنی کاروباری ئەم تەلەڤیزیۆنە کرا، ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە سەرەڕای ئەوەی لە باری مادییەوە لە تەنگانە دان زۆر دڵاوایانە بە بەخشینی پاشەکەوتی زەحمەتی ڕۆژانەی خۆیان یان پێشکەش کردنی ئەو بڕە یارمەتییە مانگانەیەی حیزب دەیانداتێ‌و تەنانەت بە ئامادەیی نیشاندان بۆ بەشداری لە کاری دروستکردنی ستۆدیۆی کوردستانی ئەم تەلەڤیزیۆنەو تەنانەت وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن بە مەبەستی یارمەتی کردن بە تەلەڤیزیۆن دڵاوایی پێشمەرگانەی خۆیان لەم بوارەش‌دا نیشان دایەوە. دیارە لەم نێوەش دا هەش بوون بە دڵ ئاواتەخواز بوون یارمەتی بە وەگەڕکەوتنی هەرچی زیاتری ئەم دەلاقە نوێیەی دەنگ و ڕەنگی کوردان و دێموکراتپەروەرانی ڕۆژهەڵات بدەن. مخابن لە بەر نالەباریی باری گوزەران و داراییان نەیان توانی لەم هەرەوەزە کوردییەدا بەشداری بکەن. بەڵام دڵنیام هەر ئەوە کە ئەوان سەرەڕای ئەو بارە نالەبارەی لە باری گوزەرانەوە تێی‌دان و بەو حاڵەش وازیان لە ڕێبازەکەیان نەهێناوە، بە ئامادەیی خۆیان لەو کۆڕەدا گەورەیی خۆیان نیشان دایەوە. ئەوان و هەمووان سەبارەت بەوە کە لە هەموو بارودۆخێك سەنگەرەکانیان چۆڵ نەکردوە دڵاواو مەزنن.

دیارە پێویستە لێرەدا ئەمەش بڵێین ئەندامان و دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان زۆر جارو تەنانەت بۆ ئەم مەبەستەی دواییش(دامەزرانی کورد کاناڵ) یارمەتیی حیزبیان داوە. کە بەهەق جێگای ڕێزەو بە دڵاوایی‌و نیشتمانپەروەری دەژمێردرێ، بەڵام ئەوەی کادرو پێشمەرگە تەواو وەختەکانی حیزب لە کەمپەکانی حیزب لە باشووری کوردستان کردیان هەڵدەگرێ بەوپەڕی دڵاوایی دابنێین. چونکە زۆربەی هەرە زۆری ئەوان ئەگەر لە کاتە بەتاڵەکانیان‌دا کار نەکەن یارمەتییەك کە لە حیزبی وەردەگرن تەنانەت حەوتوویەکیشیان ناژێنێ. بەڵام بەو حاڵەش لەگەڵ ئەوەدا بە بەردەوامی‌و ڕۆژانە لە خزمەت حیزب‌دان کاتێك هەست بەوە دەکەن حیزبەکەیان و بزووتنەوەیەك کە بەرەنج و فیداکاریی ئەوان سەربەرزانە خۆی را گرتوە لەم بوارەش دا پێویستی پێیانە ئامادەن لە گەرمای تەموزدا کار بکەن یا لە بژیوی بنەماڵەکانیان بپچڕن بۆ ئەوەی دەنگ و ڕەنگی بزووتنەوەکەیان بگاتە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئەمەش ئەگەر لە لایەك نیشانەی ئەوپەڕی دڵاوایی پێشمەرگانەی ئەوانە بۆبزووتنەوەکەیان و لە لایەکیش نیشانەی هەست کردنی ئەوانە بە پێویستیی ژیانەکیی ڕاگەیەنێکی وەك تەلەڤیزیۆن. ئەویش بۆ ئەوەی کە حیزب و بزووتنەوەکەیان بە کەڵك وەرگرتن لەم ئامرازە پێشکەوتووە گوتاری بزووتنەوە بگەیەنێتە هەموو تاکێکی کورد، پەرە بە خەباتی نەتەوایەتی‌و ئازادیخوازی بدا، خزمەت بە زمان و کولتوورو گەشەی کۆمەڵگای کوردەواری بداو ...

ئەم دیمەنەی باسی لێوە کرا جگە لە نیشاندرانی گەورەیی‌و دڵاوایی پێشمەرگانە، هەڵگری هێندێك پەیامی بە نرخە کە وەك سەرمایەیەکی بە بەها چاو لێ دەکرێن. یەکەمین پەیام کە پێویستە تێکۆشەرانی کورد لەم هەنگاوەی هەڵێنجن ئەمەیە کە ڕەوت یان بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی بتوانێ بیسەلمێنێ کە دەتوانێ سەربەخۆیی سیاسی هەبێ، دەبێ بیشی‌سەلمێنێ دەتوانێ لە باری دارایی‌و ئابووریشەوە لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ‌و لە پێناوی یارمەتی‌و دەستگرتنی دارایی‌و ماددی‌دا واز لە سەربەخۆیی سیاسیی خۆی نەهێنێ. پەیامی دووهەم ئەمەیە کە تێکۆشەرانی دێموکرات لە پەنا ئەو هەوڵە بەرینەی بۆ نوێکردنەوەی حیزبەکەیان دەستیان پێ کردوە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەریکن نەریتی پێشکەوتووانەترو نیشتمانپەروەرانەتر دەخەنە چوارچێوەی چالاکیەکانیانەوەو دەیانەوێ بە هەموو لایەکی بسەلمێنن ئەگەرچی بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە وشیاریی‌و لێبڕاوی‌و دڵاوایی‌و بەخشەندەییەکی تەواو پێشمەرگانەوە حیزبەکەیان و لە ڕێگای ئەویشەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵات بخەنە ڕێچکەیەکی نوێوە.

## کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد




کوردستان و کورد: ڕۆژی شەممە ١٣ی گەلاوێژی ٨٦، کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کارەکانی دەست پێ کرد.

ڕێورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

لەو ڕێو ڕەسمەدا ئەندامانی کۆنگرەی لاوان و ژمارەیەك لە ڕێبەرایەتی‌و کادرو پێشمەرگەکان و هەروەها نوێنەرانی ژمارەیەك لە ڕێکخراوی سینفی‌و مەدەنیی باشووری کوردستان بەشدار بوون. کۆنگرە بە پەیامی کاك جەلیل گادانی کەسایەتیی ناسراوی بزووتنەوەی کوردو تازە لاوی چالاکی سەردەمی کۆماری کوردستان کرایەوەو بە دوای ئەودا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاك حەسەن قادرزادە، پەیامی بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە دێموکراتییەکان لە لایەن خاتوو خەدیجە مەعزوور بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز ڕووناك خاتوونی‌و پەیامی نوێنەرایەتیی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات لە لایەن کاك مەریوان نەستانییەوە خوێندرانەوە. دواتر پەیامی ئەو ڕێکخراوانەی باشووری کوردستان کە نوێنەرەکانیان بۆ ئەم ڕێورەسمە بانگهێشت کرابوون خوێندرایەوە، کە ناوەکانیان بە شێوەی خوارەوەیە:

— ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان/ کۆیە، ـ ڕێکخراوی رابوونی خوێندکارانی کوردستان/ کۆیە، ـ ڕێکخراوی جووتیارانی کوردستان/ دەستەی کارگێڕی، ـ ڕێکخراوی سەمای ڕۆشنبیری‌و هونەری/ کۆیە، ـ ڕێکخراوی کۆبەندی گەنجان/ مەکتەبی سکرتاریەت، — یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە عێراق/ مەکتەبی سکرتاریەت، ـ یەکیەتیی گشتیی قوتابیانی کوردستان/ مەکتەبی سکرتاریەت.

شایانی باسە لە دواین بڕگەی ڕێورەسمەکەدا بەشداران سەردانی پێشانگای کاری دەستی لاوی بەهرەمەند شۆڕش پایمەردی کرد کە لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە بەو بۆنەیەوە کرابۆوە.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە بۆنەی دەسبەکار بوونی "کورد کاناڵ"




یەکیەتییەکانی ژنان‌و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٣٨٦/٥/١١ بە هەوڵ‌و تێکۆشانی هاوبەش، بە بۆنەی دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی "کورد کاناڵ"، ڕێوڕەسمێکیان بەڕێوە برد. ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیە کە تێیدا پەیام‌و شێعرو پەخشانی حەماسی خوێندرانەوە، لەلایەن کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لەگەڵ پێشوازییەکی گەرم‌و گوڕ ڕووبەڕوو بۆوە. لەم ڕێوڕەسمەدا ڕەسووڵ سوڵتانی پەخشانێکی خوێندەوەو دواتر پەیامی هاوبەشی هەردوو ڕێکخراوی ژنان‌و لاوان بە بۆنەی لە دایکبوونی "کورد کاناڵ" لەلایەن خاتوو سۆهەیلا قادری ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە خوێندرایەوە. دواتر کاك ئەحمەد قادری شێعرێکی خوێندەوەو ئەوجار پەیامی کومیتەی ژنانی ناوەندی٢ کوردستان لەلایەن ڕووناك خاتوونی‌یەوە پێشکەش کرا. شایانی باسە ئەو ڕێورەسمە کە لەودا ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی کەمپەکانی حیزب‌و ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان بەشدارییان کردبوو، بە هەڵپەرکێ‌و نواندنی شادی‌و خۆشی تا چەند کاتژمێر درێژەی کێشا.

## هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات ژمارەی تازەی گۆڤاری "لاوان" بڵاو بۆوە




ژمارەی ٢٧ی "لاوان"، ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تایبەتی هاوینی ١٣٨٦ هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی کۆنگرەی چوارەمی ئەو یەکیەتییە، بڵاو بۆوە.

لەم ژمارەی "لاوان"دا بێجگە لە پێشەکییەك کە تایبەتە بە کۆنگرەی چوارەم، ئەم وتارو بابەتانە سەرنج ڕادەکێشن: هاوسەنگیی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سیستمی کۆنفیدراڵی یا یەکگرتنی دەوڵەتانی سەربەخۆ، سەبارەت بە ڕۆشنبیران، ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، حەسەن حاتەمی لە وڵامی چەند پرسیاردا بۆ گۆڤاری "لاوان"، خەمۆکی (افسردگی)، پێوەندیی ناساغ لە نێوان کچ‌و کوڕدا، چەمەری بەسە (بە بۆنەی مەرگی فەردین سادقییەوە)، هونەری مادەکان، مێژووی دەسەڵاتدارییەتیی شاری کۆیە، وتووێژ لەگەڵ فەرەیدوون سامان، پیاوان‌و حەسیر، چۆن منداڵان لە پێش چوونیان بۆ قوتابخانە پەروەردە بکەین، ئەو ڕاستیانەی وەك درۆ دەچن!، ئایا ژنان دەتوانن سیمای تووڕەیی جیهان بگۆڕن؟ "ملت ایران" مفهومی کذایي و فاقد محتوا، نقد بر انتقال فهم فلسفی، در حاشیه کنفرانس پاتولوژی جنبش سیاسی شرق کردستان، انتها خود، کۆتایی سەدەی ئازادی، پەیامی یەکیەتیی لاوان بە بۆنەی ١٨ ساڵەی تیرۆری دکتور قاسملووی مەزنەوە.

پێویستە بگوترێ یەکیەتیی لاوان بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە چوارەمین کۆنگرەی خۆی لە ژێر ناوی "کۆنگرە"دا بڵاو کردەوە کە هەر لە ڕێورەسمی کرانەوەی کۆنگرەدا پێشکەش بە میوانان‌و ئەندامانی کۆنگرە کرا.

## دامەزراندنی بانکی زانیاریی دژ بە تیرۆر

کاوە ئاهەنگەری- برۆکسێل

نزیک بە ٢٥ وڵات خەریکی دامەزراندنی بانکێکی‌زانیارین کە لەڕێگای ئەم سیستمە نوێیەوە بتوانن زانیاری و هەواڵی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی هەڕەشە تیرۆریستییەکان بدەن بە یەکتر. بە وتەی نوسینگەی" ئەی.تی.ئێف 'ی ئامریکای فێدراڵ لە ڕێگای ماڵپەڕێکی ئینتێرنێتی کە تەنیا کەسانێکی دیاریکراو دەتوانن بچنە ژوورەوە، ئەو وڵاتانە دەتوانن لەو ڕێگایەوە نوێترین زانیارییەکان سەبارەت بە کەل



و پەل و تکنیکەکانی تەقاندنەوە لەگەڵ یەکتر ئاڵوێر بکەن. بە وتەی 'ئای.تی.ئێف' کاربەرانی ئەم ماڵپەڕە دەتوانن لە هەواڵ و زانیاری جێی متمانەی ئەم ناوەندە کەڵکوەرگرن و ڕاستەوخۆ بۆ یەکتری بنێرن. شایانی باسە کە ماڵپەڕەکە هەتا ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیسی،ئیسپانی،فەرانسە، هولەندی و ئاڵمانی لەبەردەست خوێنەرانی دایە.

٢٥ وڵاتی بەشدار لەم بانکەنوێیەدا بریتین لە: بلژیک،ئەفریقای باشوور،ئاڵمان،ئارژانتین، ئوستراليا، ئوتریش، کانادا، کۆلۆمبیا،ئیسپانیا،هولەند،وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا،فینلاند،فەرانسە، بریتانیا، هۆنگکۆنگ، مەجارستان، ئیسرائیل، لوکزامبورگ، مالێزی، نیوزیلاند، فیلیپین، ڕۆمانی، سینگاپوور، سوید و سویس.

سەرچاوەی هەواڵ: ڕۆژنامەی دێمۆرخن- بلژیک

## مرواریی دەریای وشە

ئەوەی بە شەڕو کێشە بە دەستت هێنا، لە پاراستنیشی‌دا تووشی شەڕو کێشە دەبی. (کاترین پاندر)

ئەگەر هەموو خەڵکی دنیا وێکچووبایەن، دنیایەکی لە ڕادەبەدەر، مردووو داهێزێنەرمان دەبوو. (ئانی کر کوود)

کاتێك بیر کردنەوەت لە بارەی خەڵك بگۆڕی، ئەوانیش بیرو بۆچوونیان لە بارەی تۆوە دەگۆڕن.

(ستیفان رت شانون)

هێندێك کات بێدەنگ بوون باشترین ڕێگا چارەیە. (برایان رابینسون)